فایل لە بارەی ئافرەتانەوە:

# پرسی ژێندەر

و. لە سویدییەوە: مەرزە جوانمەرد

(١)
## ئاشکراکردنی ژێندەر

لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی ئەم سەردەمەدا، بەشی زۆری ئەرکی نێومالّ لەسەر شانی ژنانە، هەروەها ئاگاداریکردن لە منداڵی بچووک زۆرتر بە ئەستۆی ژنانەوەیە. ژنان زۆر کەمتر لە پیاوان لە ژیانی بەرچاودا وەدەردەکەون و، کاتێک وەدەریش دەکەون زۆرجار کەمتر لە پیاوان هەلومەرجی هەڵسووڕانیان بۆ هەڵدەکەوێ. تەقریبەن لە هەموو شوێنێکی دنیایە ئەمە وێنەییەکی ئاسابیە پیاوان زۆرتر لە ژنان کاری بە مووچەییان هەبێ. بە پێی ئاماری جیهانی ساڵی ١٩٩٧ تەنیا دوو لە سێی ژنان وەک پیاوان کاری مووچییان هەبووە. لەم دیاردەیەدا وڵاتانی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو و چەند بەشێک لە ئەفریقای ڕۆژئاوا، تاقانە سەرەکێکان بوون، یانی لەم شوێنە ناوبراوانە بەشی کاری مووچەیی ژنانە بە شێوەیەکی نائاسایی بەرزە. بەڵام لە وڵاتانی عەرەبی ژنان تەنیا یەک لە پێنجی پیاوان کاری مووچەیی دەکەن، لە ئاسیای باشور و ئەمریکای لاتین ئەم ڕێژەیە تەقریبەن بە نیوە دەگا.

ئەو ژنانەی کە کاریان وەچنگ دەکەوێ، ڕێژەی ئەو مووچەی پێاندەدرێ کەمتر لە هی پیاوانە و، ئەوەش دەبێتە بەشێک لەو هۆیانە کە تێکڕایی دەرامەتی ژنان لە تێکرایی دەرامەتی پیاوان کەمتر بێ. سەرەڕای ئەوێکە، ژنان بە لانی کەمەوە هەمان چەند ساعەتی پیاوان، بگرە زۆر جار زیاتریش کاردەکەن.

زۆر جار ئیمە دان بەمە دادێنین کە لە دنیایەکی "پۆست فێمینیستیک" دا دەژین و، ئەمەش بەم مانایەیە کە یەکسانی بەرقەرارە! هەربۆیە جێی خۆیەتی ئاماژە بەئەمە بکرێ بە پێی پشکنینێکی جیهانی تێکرایی دەرامەتی ژنان ٥٦ % تێکرایی دەرامەتی پیاوانە. بە گوێرەی ئاخرین دانپیانان ٩٣% لە وەزیرانی حکومەتی دینایە پیاون.

## تێگەیشتن لە ژێندەر

لە ژیانی ڕۆژانەدا ژێندەر بە شتێکی وەک "دەبێ وابێ" دەبینین. ئێمە ڕاستەوخۆ دەبینین کەسێک ژنە یان پیاوە، کوڕە یان کچە. بناغەی زۆربەی ئەرکەکانی ڕۆژانەمان لە سەر ئەم جیاوازییە سازکراوە. لە داب و نەریتی پەسەند کراوی ژنومێردایەتیدا لە هەر یەکەی (ژن و پیاو) یەک دانە پێویستە.

ئێمە ناتوانین وەک شتێکی بڕیادراوی سروشتی سەیری ژنایەتی و پیاوەتی بکەین. هەروەها ناتوانین باوەڕ بکەین ئەم بڕیارانە تەنیا شتێکن کە ئێمەی لە دەرەوەی سروشتەوە و، لە ڕێگای چوارچێوەکانی کۆمەڵایەتی و یان بە زەبری دەسەڵاتی سەرەوە مەجبوور بە قەبووڵ کردنیان کراوین.

ئینسانان بۆخۆیان، خۆیان وەک "masculine"یان "feminine" پەروەدە دەکەن. ئێمە لە دیسپلینی ژێندەردا شوێنێک وەردەگرین یان لە ڕێگای هەڵسوکەوتی ڕۆژانەمانەوە _ لەم شوێنەی کە تێدا دابەشکراوین خۆمان ڕادەگرین. زۆربەی ئینسانان ئەم هەڵسوکەوتانەیان بە دڵخوازییەوە قەبووڵە. بەشێکیش هەیە بە پێچەوانەی ژێندەر هەڵسوکەوت دەکەن و بێگومان بە پێی پێویست دژایەتی ژێندەر دەکەن و لە هێڵی سوور تێدەپەڕن. هەربۆیە ئامۆژگارە دەمارگرژەکان، کۆنەپەرستانی سیاسی و ڕاهێنەرانی تۆپێن _ واتا زیاتر ئەو گروپانەی کە زۆر یەکتر دەگرنەوە _ لە ئاست ئەوانەی کە بە پێچەوانەی ژێندەر هەڵسوکەوت دەکەن هەڵدەبەزنەوە و، دەست بە ئامۆژگاری دەکەن ودەڵێن؛ ئێمە دەبێ هەر ئەم جورە کە سروشت سازی کردووین بمێنینەوە، واتا پێچەوانەی یەکتر. ئەم خۆماندووکردنانەی ئەوان نەتەنیا کاتێگۆری ژێندەر بەهێز دەکا بەڵکوو هەروەها، پێوەندی نێوان ئەم دوو دەستەیەش بەهێزتر دەکا و، لە ئاکامدا ئەو نابەرابەرییە کە بۆتە هۆی ئازارەکان لە ژێرەوە ڕا دەگەشێتەوە.

ئەم دابەشکردنە نایەکسانییە لە ئاست دەرامەت و دەسەڵاتی سیاسی، دەچنە نێو گەلاڵەییەکی گەورەتر لە نایەکسانی نێوان ژن و پیاودا. پیاوان خاوەنی بەشی زۆری سەرمایەن، بەڕێوەبەری زۆربەی بنکەئابوورییە گەورەکانن و، زۆرترین بەش لە لێکۆڵینەوە و تێکنیک کونترۆڵ دەکەن. لە زۆر وڵاتی بۆ وێنە لە وڵاتە پڕ حەشیمەتەکان وەک بەنگلادێش، هیندوستان، نیجرییە و میسر، ژنان کەمترلە پیاوان بۆیان ڕەخساوە دەرس بخوێنن. دوو بەش لە سێ بەشی نەخوێندەوارانی جیهان ژنن. ٩٥% تا ٩٧% لە سەرۆکی بنکەئابوورییەگەورەکانی ئەمریکایە پیاون.

هەرچەند پیاوان بە گشتی لە نابەرابەری دیسیپلینی ژێندەر قازانج دەکەن بەڵام ڕێژەی ئەم قازانجەش لە نێوان پیاواندا جیاوازە. تەنانەت زۆریان بۆیان گران تەواو دەبێ. هەربۆیە ئەو پیاوانەی کە لە حاکمییەتی دیاریکراوی ماسکولینی لادەدەن بۆوێنە

هوموسێکسوئێلان، ژنان یان ئەوانەی کە (نەوێرن) زۆرجاران دەکەونە ژێر دەستدرێژی ڕوحی، گاڵتەجاری، هەڵپەساردن و هەلاواردن و، جاربەجاریش گوشاری فیزیکی. هەر بەم چەشنەی پێوەندییەکانی ژێندەر سەرچاوەیەکی لەززەت، سەرکەوتوویی و ناسنامەن، لە هەمان کاتیشدا سەرچاوەییەکن بۆ نادادپەروەری و ئازار. ئەوە بەم مانایەیە کە ژێندەر لە خۆیدا شتێکی سیاسییە بەلام، ئەرکەکانی سیاسی دەتوانن چەتوون و ئالۆزبن. نادادپەروەری و گوشاری ناخی دیسیپلینی ژێندەر بەم پێویستییە گەیشتووە کە پێداچوونە و ڕیفۆرمی تێدا بکرێ.

## شیکردنەوەی ژێندەر

هاوکات لەگەڵ هەستیاری تازە پێویستی بە بوونی تێرمینولوگی تازەش سەری هەڵداوە. لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوو چەمکی "gender" بووتە زاراوەیەکی گشتی (هەرچەند زاراوەکە قەت لە هەموو شوێنێک قەبووڵ نەکراوە). ئەم زاراوەیە لە ڕێزامنەوە وەرگیراوە. دەتوانێ لە ڕیشەیەکی هیندوئوڕووپی ڕا هاتبێ کە مانای "بەرهەمهێنان"، (لەگەڵ ئەنجامدان بەراورد بکرێ) و، لە زۆر زمانان مانای وشەی "چەشن" یان "چین" دەگەیێنێ.

لە زۆر زماناندا تەنیا ئینسان خاونی جنسییەت "sex" نییە، بەڵکوو کەلوپەل، دەرک و بارودۆخی ڕوحیش خاوەنی جنسییەت دەبێ. لە زۆر زماناندا سێ جەمسەری لە ژێندەردا هەیە: نێر، مێ و نەنێرنەمێ. لە تاوتۆکانی پرسی ژێندەردا، ئاساییە کۆمەڵگا چاو لە بەشی سێهەم بنوقێنێ و، تەنیا لە دوو جەمسەرێوە دەستپێیکا. دەسنیشانی دابەشکردنی بایولۆژی بە نێرەکان و مێیەکان خاڵی دەسپێکی ژێندەرە، دوایی جیاوازی کۆمەلایەتی یان سایکۆلۆژی کە وەلامدەری دابەشکرنەکەیە بەهێز دەکرێ یان دەبێتە هۆی مسۆگەرکردنی جیاوازییەکە. بە شێوەی ئاسایی ژێندەر ئاماژە بە جیاوازی کلتوری نێوان ژنان و پیاوان دەکا کە ڕیشەیان لە دابەشکردنی بایولوژی، نێرینە و مێینەدا هەیە.

لێکۆڵینەوەی زانستی کۆمەڵناسی ڕێگا چارەیەکی بۆ تێپەربوون لەم گرفتە نیشانداوە. کلیلی ئەم گرفتە لەمەدایە کە تیشک لەسەر جیاوازییەکان هەڵگیرێ و، تیشک بخرێتە سەر پێوەندییەکان. چونکو بەر لە هەموو شتێک ژێندەر ئەو پێوەندێ کۆمەلایەتییانەیە کە تاک و، گروپ تێدا هەڵسوکەوت دەکەن. نمونەی سەقامگەرتوو یان پانوبەرینی نێو ئەو پێوەندێ کۆمەلایەتییانە ئەم تیۆرێ کۆمەلایەتییە سازدەکا کە پێدەگووترێ "ستروکتور". بە پێی ئەم مانایە دەبێ ژێندەر وەک ستروکتورێکی کۆمەلایەتی چاولێبکرێ. ژێندەر وشەیەک نییە بۆ بایولوژی هەروەها دووجەمسەرێکی نووساو نییە لە ژیان یان کەسایەتی ئینساندا. ژێندەر نمونەیەکە دیسیپلینی کۆمەلایەتی و، چالاکییەکانی ڕۆژانە یان ئەرکەکانمان ڕێبەری دەکا.

(٢)

## خوێندنگە، کانزا، سێکس و شەڕ

لەم بەشەدا دەمەوێ باسی چوار نموونە لە گرینگترین خاڵەکانی ئانالیزی ژێندەر بکەم کە لە ماوەی دەهەی ١٩٩٠ بڵاوکراوەتەوە.

### خاڵی١: ڕۆڵی ژێندەر لە دنیای خوێندنگەدا

یەکێک لە چەتوونترین ئەرکەکان لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیدا ئەوەیە، کە دەست دۆخێک بدەی کە هەمووڵایەنێک پێیان وایە لێی تێدەگەن بەڵام تۆ بتەوێ بە شێوەیەکی نۆ ڕوونی بکەیەوە. ئێتنۆلۆگی ئەمریکی Barrie Thorne لە کتێبە بەنرخەکەیدا (Gender play) لە ئەنجامدانی ئەرکێکی ئاوا چەتووندا سەرکەوتوو بووە. کاتێک ئەو ئەم کارەی دەستدایە بە هەڵکەوت لێکۆڵینەوەی ژێندەر لە سەر منداڵان دەکرا. تێگەیشتنی باو ئەمە بوو کە دوو ڕۆڵی جنسی یەک پیاوانە و، یەک ژنانە هەیە. کوڕان و کچان بە نۆرمە دروست و چاوەڕوانکراوەکانی ڕۆڵی خۆیان شارەزا دەکرێن. ئەم بیرە لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا بە فۆرمی پرسیاری داڕێشتراو و، نووسراوە بەڕێوەدەچوو، نەک بە شێوەی ڕاستەوخۆ تاکوو ببینرێ لە ڕاستیدا ژێندەر لە ژیانی منداڵاندا چۆن خۆێ دەنوێنێ. "تۆڕن" ئەزمونێکی ئاوای تاقی کردەوە.

وەک چاودێر بۆ "تۆڕن" چۆنێتی گواستنەوەی وەردەکارییەکانی هەڵسوکەوتی ژێندەر لە گەورەکانەوە و، قۆستنەوەیان لە لایەن منداڵانەوە زۆر جێی سرنج بوو. "تۆڕن" سەرکەوت بۆ ئەوبەری نمونەکان کە وەسفی مۆدلە نەریتییەکانی ژێندەری تێدایە، ببینێ. ئەو ئەم ڕاستییەی بۆ دەرکەوت کە ئەم مۆدێلانە چەند کاریان کردووە تاکوو بینەران تەیار بکەن بەدوای جیاوازییەکاندا بگەڕێن.

"تۆڕن"، هەم ئەو کاتانەی کە کچ و کوڕەکان لە خوێندنگە لێک جیا دەکرانەوە و، هەم ئەو کاتانەی کە بەیەکەوەش دەبوون دەیخستنە ژێر چاوەدێری. "تۆڕن" بەم ئاکامە گەیشت جیاوازی ژێندەر وەک "هەلومەرج" تەماشا بکا، چونکو منداڵان لە دۆخی تایبەتدا نیشانیانداوە جیاوازی ژێندەریان بەلاوە گرینگ نەبووە و، بۆ لای یەکتر ڕۆیشتوون. تەنانەت لە کاتی کایەکردن و یان پشوودااندا. کاتی وەها هەبوو کچان و کوڕان هەرکام بۆخۆیان لە گۆشەیەکی حەوشەی خوێندنگە کۆبوونەتەوە و، زۆر جاران چالاکێکی تێکەڵاویان دەستپێکرد و، هیچ ڕۆڵێکی جیاوازیان لە نێواندانەبووە. هەروەها زۆر جار دیتراوە "تەبایی دووقۆڵی سنوری جنسی" پێکهاتووە. "تۆڕن" ئەمەی ڕوونکردەوە کە کوڕان و کچان بەردەوام لە دنیای جیا لە یەکتردا نەبوون و، دایم بە دژ "ڕۆڵی جنس"ی یەکتر ڕاناوەستاون. ئەم بۆچوونەی "تۆڕن" هێندێک پرسیاری تازەی هێنا ئاراوە؛ لە کام هەلومەرجدا ژێندەر زەق یان کاڵ دەبووە؟ منداڵان چ ڕەفتارێکیان لە خۆدەنواند کە جیاوازییەکانی ژێندەری تێدا دیار دەبوو؟

"تۆڕن" قامکی لە سەر جیاکردنەوەییەکی چالاک دانا و، بە "ئەرکی سنوور" ناوی برد. کاتێک کۆبوونەوە تێکەڵاوی کوڕان و کچان بە

دوو گروپی کۆنکرێتی کورەکان و کچەکان دابەشدەکرێ، لە ئاکامی ئەم دابەشکردندا سنورەکانی ژێندەر چالاک دەکرێن. لە خودی ئەم پروسەیەدا کاتیگۆری دەخولقێندرێنەوە، لە کاتێکدا کەمترین گرینگی لە ئەساسی ئەم لێکجیابوونە لە نێو کۆچالاکییەکان لە ئارادابوو" (١٩٩٣:٦٣٩).

یەکێک لە چالاکییە جێی سەرنجەکان کایەی " قەراقەراێن"ە، کە جاربەجار زۆر بە باشی بەرێوەچووە و، جاربەجاریش نا. لەو خوێندنگەیانەی "تۆرن" لێکۆڵینەوەی لە سەر کردوون، کوران و کچان توانیویانە بەیەکەوە کایە بکەن و، زۆر جار یەکتریان رونـاوە، بەم شێوە کە "کوران، کچان- راودەنێن"، یان "کچان، کوران- راودەنێن". هەرجارەی لایەنێک دەبوو بە نیچیر و لایەکەی تر بە راوچی و بە پێچەوانەوە. "تۆرن" ئاماژە بە ئەمە دەکا زۆر جارانیش کوران، کورانیان راوناوە و کچانیش کچان و، ئەم کارانە هیچ سەرنج یان دمەتەقەیەکی تایبەتی نەدەبزواند. بەڵام لە بەرامبەریدا، کچان، کوران_ راودەنێن و کوران کچان_ راودەنێن، هاتوچۆیەکە گەرموگور و هاتوهاوارێکی زۆری پێوەدەبوو. ئەزموونەکانی "تۆرن" لە سەر منداڵان دەتوانێ وشیارمان بکاتەوە کە لە نێو گەورەساڵانیشدا هاوتەریبی ئەم پرۆسانە هەیە.

بەردەوام ئەرکی سنوری لە کاردایە بۆ ئەوەی دەسنیشانی سنورەکانی ژێندەر بکا، ئەگەر لە کایەی قەراتەرانێدا نەبێ، لە جەفەنگ، جلوبەرگ، شێوەی قسەکردن و شتی تردا هەیە. جیاوازی ژێندەر شتێک نییە هەر هەبێ، ئەوە شتێکە کە دەقەومێ و، دەبێ بۆی هەبێ کە بقەومێ؛ هەروەها شتێکە کە دەکرێ لابردرێ، بگۆردرێ یان ئەهوەن بکرێتەوە.

ئەو کایانەی کە وەها دەکەن تاکوو ژێندەر لای منداڵان خۆ نیشانبدا، زۆر شتی تریان لێدەکەوێتەوە. کاتێک کچان کوران و، کوران کچان راودەنێن، ئەوان وەها هەڵسوکەوت دەکەن کە ئاستی یەکسانی لەبەرچاو بگرن و، جار هەیە ئەمە لەبەرچاو دەگرن _ بەڵام نەک هەموو جارێ. خۆمەزنی لە نێو کوراندا ئاسایی ترە. بەشی زۆرتری حەوشەی خوێندنگە لە لایەن کورانەوە قۆرغ دەکرێ، تاکوو لە لایەن کچانەوە. کوران زۆرتر دەبنە سەرباری چالاکییەکانی کچان، پێچەوانەکەی کەمترێ. کوران زۆرتر توورە و تۆسنی دەیانگرێ و، داوای دەسەڵات دەکەن. دەبینین لەم چوارچێوە سنوردارەدا منداڵ دەتوانێ کاری وەها بکا.

کوران تەنانەت لە ئاستی بە سیمبۆل کردنیش دا داوای دەسەڵات دەکەن. کچان وەک سەرچاوەی ئاهۆ و یان پیسی ناو دەبەن. کوران کاتێک دەیانەوێ بە نزمی بروانە کورانی تر و بیانشکێنەوە بە " کچ" بانگیان دەکەن یان ئەوەیکە پاڵیان پێوەدەنێن تاکوو بکەونە لای کچان. کچان ئەم رەفتارە لەگەڵ کوران ناکەن. زۆرتر ناوناوتۆرە لە کچان هەڵدەدرێ و تەواویان بە چاوی سووک سەیردەکرێن. دەکرێ تەواوی ئەوانە وەک وەردەشت تەماشا کرێ، بەڵام وەک "تۆرن" دەڵێ: "خۆی پەرێزی لە نزیکبوونەوەی فیزیکی لە کەسێک و پێوەندییەکانی بە هۆی ئەوەی کە

وەک بە سەرچاوەی گێرۆیی دابندرێ، دەبێتە مۆرلێدانێکی زۆر بە هێز و دەبێ بە هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و، پێداگرتن لەسەر خۆمەزنی"(١٩٩٣:٧٥).

هەر بۆیە لاسەنگییەوە لە دۆخ و پێگەی کچان و کوڕاندا هەیە کە لە جیاوازییەکانی نێوان کوڕان وکوڕان و، نێوان کچان وکچاندا ڕەنگدەداتەوە.

گرینگترین بەشی زانستی ئەم کتێبە ئەوەیە، کە ئەو منداڵە ئەمریکییانە چۆن لە پێگەشتن بە ژێندەر چالاکن. ئەوان لە "بەکۆمەڵایەتی کردن"ی ڕۆڵی جنسی خۆیان ناکاریگەر نین. سروشتییە کە ئەو منداڵانە زانیارییەکانیان لە دنیای گەورەساڵانی دەورووبەریان وەردەگرن: ئەو زانیارانەی کە هەرکەسێک بە هاسانی لەبەر دەستی داهەیە، ئەم زانیارانەی کە ئینسان چۆن هەڵسوکەوت بکا _ بەداخەوە _ ئەو زانیارانەی کە ئێنسان دەبێ ڕکی لە چی بێ. بەداخەوە زانیارییەکان بە مەرجی خۆیان ئەوان چالاک دەکەن. ژێندەر لای منداڵان شتێکی سرنجراکێشە و، جاربەجار پڕ جۆشە. ئەوان لە نێو ئەم گروپانەی کە لە سەر بنەمای ژێندەر سازکراون، دەرووژووڕێ دەکەن. جاربەجار سنورەکانی ژێندەر تێکدەدەن یان سنوران دەبەزێنن، کایەی پێدەکەن یان خودی ژێندەرێ دووجەمسەری دەشکێنن. ژێندەر لە دنیای منداڵاندا گرینگە، هەروەها گونجاندنیشی پرسێکی گرینگە کە، وەک کەرسە لە چوارچێوەیەکی داخراودا بچووکیان نەکاتەوە.

**خاڵی ٢: پیاوەتی و کرێکاری کانزا:**

کۆڵۆنیستەکانی هۆلەند و بریتانیا لە کۆتایی سەدەی ١٨ دەستیان بە دەرهێنانی گەورەترین کانزای زێر لە ئەفریقای باشوور کرد. یەکەمین هەڵمەتی وەحشییانە بۆ سەر کانزا زێرەکان زۆر زوو کەوتە ژێر فەرمانی چەند کۆمپانیاکای گەورە و، نێو پیشەسازییەکی ڕێکخراو بە سەرجەم چەند سەدهەزار فەرمانبەرەوە. چونکو نرخی زێر لە بازاڕی جیهانیدا سەقامگیر بوو، قازانجی کۆمپانیاکان لەمە دابوو کە خەرجی هێزی کار لە خوارێ ڕابگرن. پیشەسازی بۆ ئەم کارە چەتوونە و پرمەترسییە ژێرزەوی، پێویستی بە کۆمەڵێکی یەکجار زۆر هێزی کاری هەرزان هەبوو. وەڵامی ئەم پێویستییە لای پەیمانکارە کۆلۆنیستەکان ڕوون بوو: ئەویش پیاوانی خەڵکی هەمان ناوچە، واتا پیاوە ڕەشەکانی ئەفریقا. بۆیە گەورەترین بەشی هێزی کار لە بازاری زێردا پیاوانی ئەفریقای باشوور و، پیاوانی وڵاتانی دراوسێ پێکییان هێنا _ ئێستێش کە ئێستێیە هەر ئاوایە.

لە ماوەی بیست و پێنج ساڵدا، T.Dunbar Moodieلە تەک تاقمێک هاوکاری کرد تاکوو، بتوانێ ئەزموونی ئەم پیاوانەی کرێکاری کانزا بکاتە بەڵگە _ واتا گروپی سەرەکی مێژووی ئەفریقای باشوور. "موودی" ئەم بەسەرهاتەی لە کتێبی (Going for Gold (1994"دا بڵاوکردۆتەوە

بەهوی ئەوەی کە کانزاکان بەشێکی گەورە لە پرۆژەی پیشەسازی و کاپیتاڵی ئوروپی خاوەنیان بوون، بۆ کرێکاری کانزاکان هاسان

بوو خۆیان وەک "پرۆلتاریا"کانی ئوروپا، یانی بەهەمان مۆدێلی کرێکارانی پیشەسازی شارەگەورەکانی ئوروپا بنوێنن. بەڵام واقیعییەت شتێکی تر بوو. لەوانەیە دابەشکردنی هێزی کار لە سەر بناخەی ڕەگەزی لە ئەفریقای باشووری بە ـ سەرۆکی سپی، کرێکاری ڕەش ـ خەرجی مووچەیی نزم ڕاگرتبێ، بەڵام لە پشتەوە دیوارێکی سازکرد کە کرێکاری کانزاکان توانیان کلتورێکی نافەرمی تایبەت بە خۆیان بەرێوەبەرن. ئەوان زۆربەیان لە ناوچە هەژارنشینەکان کە تەنیا بۆ پیاوان بوو دەژیان و، لەوێ خۆیان فۆرمیان بە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان دا.

بەشی زۆری ئەم کرێکارانە، بۆیە کاری کانزایان دەکرد تاکو، بتوانن یارمەتیدەرێک بن بۆ بژێوی بنەماڵە وەرزێرەکانیان، یان لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ ماڵێ پوڵ وپارەییەکیان پاشەکەوت کە بتوانن بنەماڵەییەکی تازەی وەرزێری پێکبهێنن _ مەڕومالاتی پێی بکرن، زەماوەندی پێی بکەن و هتد. هەم بۆ پیاوانی کرێکاری ناوچەی کۆلۆنی "Mpondo" و، هەم بۆ زۆربەی پیاوانی تر ئاوات و جێی شانازی ئەوە بوو کە ببن بە گەورەی بنەماڵێکی جێ مەتمانە، ڕێکوپێک و سەربەخۆ و ببن بە خاوەنی زەوییەک بۆ بژێوی خۆیان. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە ڕێگا چارە، کارکردن لە کانزاکان بوو.

ئەم دۆخ و پێگەیە کردارێکی ژێندەری پێوەبوو کە زور بە روونی لەگەڵ نمونەی نەریتی بنەماڵەی ئورووپی کە لە نانهاوەری بنەماڵە و ژنێکی کابانی ماڵێ پێکهاتبوو، جیاوازی هەبوو. ئەو پیاوانەی لە کانزاکان کاریان دەکرد لە کۆخاندا دەژیان و خۆیان کاری ناوماڵی خۆیان دەکرد و، ئەگەر لە باری سێکسییەوە چالاک بان جووتی تازەیان بۆ خۆیان پەیا دەکرد. بەشێکیان کە لە نزیک شارەکان کاریان دەکرد، دەچوونە دیداری ژنان. کۆخنشینانی تریش دەستیان بە "زەوجینی کانزا" کرد واتا پیاوانی بە تەمن لەتەک پیاوانی جەوان جووت دەبوون. لە پێوەندێکی ئاوادا پیاوە جحێڵەکە کاری نێوماڵ و خزمەتی سێکسی دەکرد و، لە بەرامبەریدا پیاوە بە تەمەنەکە دەیپاراست و ڕێنموونی دەکرد و بە خەڵات و پووڵ تۆڵەی بۆ دەکردەوە. هەرچەند بە پارێزەوە بناخەی ئەم کارە داندرا، بەڵام وەک دابونەریت دەیان ساڵ مایەوە.

هاوکات کە زۆر لە پیاوەکان لە کانزا کاریان دەکرد، دەبوایە لە وڵاتیش کاری وەرزێری بەرێوەبچێ و، ئەمەش ئاڵوگۆرێکی زۆری بەدواداهات، لەبەر ئەوەیکە ئەو کەسەی بەرپرس مەزرای دەکەوتە سەرشانی دەیتوانی ژنێک بێ بۆ وێنە هاوسەری کرێکاری کانزا. واتا پیاوە بەتەمەنەکانی "ئێم پۆندو" ئیتر وەک( Ubudodaئەو کەسەی یارمەتی خەڵک دەدا) حیسابیان بۆ نەدەکرا.

لە فەزای کلتورێکی ئاوادا پیاوی ئایدیاڵ لێهاتوویەکی هەبوو واتا، ڕێبەرێکی مێهرەبان بۆ بنەماڵەیەکی وەرزێر کە بتوانێ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەشداربێ. لەبەرئەوەی کە دیترا ژنێک دەتوانێ ئەم ئەرکانە بەجێ بگەێنێ، زۆربەزۆری پیاوانی "ئێم پۆندو" هاتنە سەر

ئەم رایە کە ژنێک دەتوانێ ببێ بە "یبوودۆدا". بەڵام حاشاشیان نەدەکرد کە لە کۆمەڵگایەکی پاتریارکالدا، دەسەڵات لە ئاخردا هەر لە دەست پیاوان دایە. هەروەها دانیان بەمە دادەهێنا، لە ژیانی هاوسەری نێوان ژن و پیاو لە بنەماڵەی وەرزێردا ژنان دەتوانن کاری پیاوانە بکەن و، بەم شێوە لە پیاوەتیدا بەشدار بن.

بەڵام ئەم پەیرەوەی ژێندەر لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەتی مێژووییدا ساز ببوو، دەبوایە بگۆڕدرێ. ئەمەش لە سەدەی ١٩دا، وێڕای لە کزیدانی، وەردەوەرزێڕی بەرەو لێژی ڕۆیشت. لە ساڵی ١٩٧٠ کۆتایی بە سیستەمی کۆنی مووچە وەرگرتن هات و، مووچەی کرێکارانی کانزا دەستی بە بەرەو زیادبوون کرد. بەم شێوە هەل ڕەخسا کە بنەماڵەیەکی شاری یان بنەماڵەی بێ زەوی لە دێهات، بتوانن خۆیان بەرێوەبەرن و، ئابوورییە دووقۆڵییەکەی نێوان وردەوەرزێڕ و کانزا لە ئارادا نەما.

لەم ماوەیەدا بارودۆخ گۆڕدرا، کولتورە کۆنەکانی کرێکارانی میوان بە ئولگوی جیاوازە ژێندەرییەکانیەوە کوتایی پێهات. ئیتر پیاوانی جحێلی" ئێم پۆندو" سەروەربوونی پیاوان لە بەخێوکردنی بنەماڵەدا نابینن. ئەوان تەنیا بیر لەم خاوەندارییە دەکەنە کە ژنان ناتوانن تێدا بەشداربن واتا، بایولۆژێ جنسی پیاوان. "موودی"، بەم جۆرە دەڵێ؛ "لای جیلی ئێستای ئێم پۆندو ژنێتی و، پیاوەتی گەڕاوەتەوە سەر دوو جەمسەری". ئەو ژنانەی کە تووشی پیاوەتی ببوون لە سەر شانۆ ونبوون.

ئاخری بە پرولتاریا کردن گەیشتە جێ و، هاوکات ئایدولۆژێکی ژێندەر کە لە ئولگوی ئورووپی نزیک بوو سەری هەڵدا. لە نێو کرێکارە جحێڵەکانی کانزادا _ کە زۆربەیان سەر بە یەکێتی کرێکاران بوون و، مووچەی باشتریان لە باب و باپیرانیان وەردەگرت و، سەربازی تر بوون _ لە ئاستێکی یەکجار بەرزدا پیاوەتییان لە خۆبەزلزانین و، زاڵبوونی فیزیکی و تورەوتۆسنیدا دەدیت. ئەم پیاوەتییە، هیچ ویستنەوەی ئاوای لە ژنان نەبوو. ژنان زۆرتر و زۆرتر دەکەوتنە دۆخ و پێگەی کابانەتی ماڵێ، واتا چاولەدەستی پیاوێکی مووچەخۆر.

درووست وەک "تۆرن" لە (Gender Play) دا دەڵێ؛ منیش بە تەواوی بەڵگەوە ڕۆڵی چالاکی ئینسانم لە خولقاندنی نمونەی ژێندەر قەبووڵە. بەسەرهاتی کرێکارانی کانزاکان هەستێکی بەهێزترمان دەداتێ، کە چۆن ئەم نمومانە لە ژێر گوشاردا لە فۆرمی هێزی ئابوری و سیاسیدا خولقاون. کاریگەری ئەم ستراتێژییە جۆربەجۆرانەی ژێندەر ڕوون و ئاشکرایە، دەوڵەمەندی و هەژاری، سەردەستی و چاولەدەستی.

"موودی" بەرلە هەموو شتێک وێنەیەک لەم ئالۆزییانەمان دەداتێ بەڵام ئەوە، پرۆسەی بەهێزی گۆرانکاری مێژوویە کە پەیرەوی ژێندەر لە گوزەری زەماندا دەگۆسێتەوە.

### خاڵی ٣: پێشێلکردنی نمونەی ژێندەر:

لە سەرەتای دەهەی ١٩٨٠دا نەخۆشییەکی بەسامی تازە هاتە ناسین کە وردەوردە ناوی "ئێدز"ی لێندرا (acquired immune defiency syndrome). نەخۆشییەکە زوو خۆی لە پێوەندی لەگەڵ ڤایرۆسێک (humant

immubristvirus, hiv)، نیشاندا کە ناڕاستەوخۆ ئینسان دەکوژێ، بەم جۆرە کە توانایی خۆڕاگری لەش لە بەرامبەر نەخۆشی تر لەنێو دەبا.

لە لێکۆڵینەوەیەکی پانوبەریندا لە لایەن لێکۆڵینەوەی بایولۆژی، هیڤی وەک، هیڤی/ ئێدزئێپیدێمیی گوبال ناسرا ـ توژینەوەکانی ئاستی کرداری سێکسوئێلی نیشانیاندا کە زورجاران لەم ڕێگایەوە "ئێنفێکسیۆن" دەگوزرێتەوە. بەڵام تاکوو ئێستێ هیچ ڤاکسینێک نەدۆزراوەتەوە. تاقمێک پشکنین هەیە کە بە شێوەی پرسیارنامە بەرێوەدەچێ و، ئاسایی ترین شێوەی "پشکنینی کردار"ە، بەڵام زیاتر نێوی سلامتی و ئاگاداری لێدەندرێ. بێ گومان ئەم تاقمە پشکنینانە زۆر وێنەیەکی باش و بەکەڵکی تێدا وەدیدێ بەڵام نەک شناسێکی ئەوتۆ کە پێوەندی سێکسی ژیانی ئەو کەسانەی کە تووشی ئەم نەخۆشییەبوون نیشانبدا کە ئەم پێوەندییە چ گرینگییەک و، یان چ شوێنێکیان لە ژیانی شەخسی ئەواندا هەیە.

بۆیە تاقمێک لێکۆلێنەر هەوڵیان داوە زیاتر گوێقولاغی ستراتێژی پشکنینی بێ غەرەز بن Gary Dowsett Practicing Desire(1996)، یەکێک لە لایەنگرانی ئەم شێوە لێکۆلینەوەیە، ئەم بنکە ئوستراڵیاییە کە ئەو کاری لێدەکا بۆ ئەوەی وێنەیەکی زیندوویان لە سێکسی هاوجنسبازان لە دەورانی ئێپیدێمی ئێدز بێتەدەست، مێتودێکی سوسیۆلۆژی نەریتی بەکار دێنن، واتا گێڕانەوەی شەفاهی بەسەرهات.

لێکۆڵینەوەکانی "دۆسێت" لە وتووێژ کردن لەگەڵ بیست پیاوان پێکهاتووە. نووسینی ڕاپۆرتەکە لە هەوەڵین وتووێژوە تاکوو بڵاوکردنەوەی نۆ ساڵی خایاند. هەرکام لەم بیست وەڵامدەرانە بە وردی ژیانی خۆیان بۆ گێڕاوەتەوە و بە وردی باسی پێوەندییەکانیان، ڕەوشتی ژیانی سێکسییان، شوێنی ژیانیان، کار و شوغڵیان، پێوەندیان لەگەڵ دنیای دەرەوە و لەگەڵ هیڤی/ ئێدزئێپیدێمی کردووە .

Huey Brown زۆرتر بە Harriet ناسراوە، لە کاتی بەڕێوەچوونی وتوێژەکاندا تەمەنی چل ساڵ دەبوو. باوکی شۆفیر و، دایکی کابانی ماڵێی بووە. "هاررێت" هەر لە تەمەنی مێرمنداڵیەوە لەگەڵ پیاوان سێکسی هەبووە، نەک لە سۆنگەی ئەوە کە ئاڵۆزی ناسنامەیی هەبووبێ یان لەگەڵ تورِی کونییان دۆستایەتی هەبووبێ، بەڵکوو بە پێخۆش بوونی خۆی و، بۆ لەزەت بردن لە کاری سێکسی لەگەڵ کوڕان و پیاوانی تر، ئەم کارەی کردوە.

"دۆسێت" دەڵێ؛ پێویست ناکا ئاوا بە شەفافی هوموسێکسۆئالیتێ بە "دژی" هێتروسێکسۆئالیتێ دابندرێ و، ئەو دژ بەم تاریفەیە. هەروەها "دۆسێت" دژی هەر زانستێکە کە جەخت لە سەر ئەمە دەکا کە تەنیا ئولگویەکی ستاندار بۆ کاری سێکسی پیاوان هێتروسێکسۆئالیتێیە، بەلای ئەوەوە ڕوێشتی "هاررێت" هیچ ناپاب نییە. "هاررێت"، ئاواتخوازی پێوەندی بەردەوام و درێژخایەن بووە و، سێ جاران بەتاقی کردۆتەوە. یەکەمیان؛ پیاوێکی دڵپیس بووە و زۆری لێداوە. دوهەمیان؛ Jim بووە کە "هاررێت" بە

گەورەترین ئەوینی خۆی ناویدێنێ، ماوەی نۆ ساڵان وەک ژن و مێرد بەیەکەوە ژیابوون. بەڵام دوای نۆ ساڵان "جیم"، "هارێت"ی بۆ کچێکی شانزدە ساڵە بەجێدەهێڵێ. لێرەدا ئەرکەکانی ژێندەر خۆنیشاندەدەن، بەڵام نەک چواچێوەی ژێندەر. دەربازبوون لەم چوارچێوانە لە هەمووی سرنجراکێشترە، واتا بوون بە ترانسوێستایت. لە شاری "هارێت" هۆڵێک هەیە کە لە کۆنەوە کار لەگەڵ ئەو پیاوانە دەکا کە جلوبەرگی ژنان لەبەردەکەن و، بە دەم موسیقاوە لاسای ژنان دەکەنەوە، جەفەنگبازن، قسەی خۆش دەگێڕنەوە و، هەروەها ستریپتیز دەکەن. "هارێت" بۆئەوەی کە بتوانێ وەک ژن هەڵسوکەوت بکا، تەواو ئەم تێکنیکانە بە باشی فێربوو و، سیلیکۆنی دە سینگی نا تا مەمکی ژنانەی هەبێ. "هارێت" لە تەمەنی بیست تا سی ساڵیدا کارێکی تازەی بە تاقی کردەوە: خۆفرۆشی. ئەو لە بەرگی ژندا کاری دەکرد و، زور لە مشتەرییەکانی وایان دەزانی کە ئەو ژنە. بەرسەرهاتی "هارێت" لە پرسی خوێدا بە هەموو شێوەیەک ڕێسا و، چوارچێوەکانی کاتیگۆری ژێندەر دەگرێتەوە. ئەمە تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە "هاررێت" سنورەکانی ژێندەر تێدەپەڕێنێ. لە ڕاستیدا ئەو بە دڵگەرمی و بەکردەوە ئەم کارانەی وەک ئەکتەری پیاو لەبەرگی ژندا کردوە: نەشتەرگەریی مەمک، کابانی ماڵێ، خۆفرۆشی و، چالاکی بواری ئێدز. بەڵام دیسان "هاررێت" هەر پیاوە، نەک ترانس سێکسوئێل کە بیهەوێ ببێتە ژن و، ئەو لە ئەساسدا وەک پیاو ژیاوە.

"دۆسێت" دەڵێ؛ کاتێک ئینسان بیهەوێ تێبگا ئالیزی کاتیگۆری ژێندەر باسی چ دەکا، کەلکی لێوەر ناگرێ. ئەو ڕەخنە لە تێوری ژێندەر دەگرێ و، بەم تاوانە کە "هێترۆسێکسیستە". ئەو دەیهەوێ بڵێ؛ ژێندەر لەم تیۆرییەدا بۆ لای پێوەندییەکانی هێترۆسێکسوئێلی دادەشکێنێ و، ناتوانێ لەم ئینسانانە تێبگا کە هێترۆسێکسوئێل نین. "دۆسێت" لەم باوەڕەدایە کاتیگۆرییەکانی ژێندەر زۆر جار بە شێوەی مکانیکی و ناواقیعی کەڵکی لێوەردەگیرێ؛ ئەو لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا دەڵێ؛ هۆوییەتی ژێندەر هیچ لە بارەی خوورەوشتی سێکسدا نییە.

بۆیە، "دۆسێت" پرسی سەبارەت بە ئاناڵیزی سنوری ژێندەر دەهوژێنێ و، چەمکی هۆوییەتی ژێندەر دەخاتە ژێر پرسیارە. ئەوە ئاشکرایە کە ژێندەر لە زۆربەی زۆری قۆناخەکانی ژیانی "هاررێت"دا حزوری هەیە، بەڵام هەر ئاواش ڕوونە کە، ژێندەر لەسەر کرداری سێکسی ئەو (یان جووتەکانی ئەو) بڕیار نادا.

یەکێک لە زانیارییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە، کە ئێمە ناتوانین وەک سیستەمی مکانیکی بڕوانینە پێوەندییەکانی ژێندەر. ئێمە لە دۆخ و پێگەیەکدا خۆمان دەنونین کە لە کرداری پێشووی خۆمان و خەڵکانی ترەوە خولقاوە.

**خاڵی ٤ : ژنان، شەڕ و، بیرەوەری:**

یەکێک لە گەورەترین ئەزموونەکانی یەکسانی نێوان جنس، لە یەکێتی سۆڤییەتدا بەرێوەچووە. ئەو ڕژیمە کۆمنیستییەی کە دوای شۆرشی ١٩١٧ دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت و، شەڕە ناوخۆیە وێرانکەرەکەی بە دوا

داهات، بە ڕواڵەت کاری بۆ ئەوە کرد کە هەمان مافی پیاوان بە ژنان بدا. لە یەکەمین دەوڵەتی سۆڤییەتدا، Aleksandra Kollontaj فێمنیستی گەورە بوو بە "کومیساریا"ی پرسی کۆمەڵایەتی. ئەو سەرماییەکی زۆری بۆ خولی ڕاهینان و بارهێنان، ساخی و سلامەتی کچان، ژنان و بنکەی ئاگاداری منداڵان دامەزراند. ڕێژەی ژنانی دامەزراو لەنێو سەنعات و بەشەکانی تری کاری تێکنیکی گەیشتە ئەم ئاستە کە "ڕۆژئاوای کاپیتالیست لەم شانبەشانییەدا کەمی دەهێنایەوە. ڕژیم بانگەشەی کرد کە گەیشتۆتە ئاستی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان و، دەروازەی تەواوی بەشەکانی کۆمەڵایەتی و ژیانی ئاشکرا و حکومی بۆ ژنان کردۆتەوە.

لە کۆتایی ١٩٨٠دا، ئەو سیستەمەی کە لە سەر مەرامێکی ئاوا ڕاوەستابوو بە خێرایەکی چاوەڕوان نەکراو دەستی بە تێکرمان کرد. لەو وڵاتانەی کە لە ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەتی ڕابردوودا ببوون بە وڵات، بۆچوونی تازە سەبارەت بە ژێندەر سەری هەڵدا. (١١: ٢٠٠٠ Irina Novikova) باس دەکا، کە چۆن دوای ڕووخانی ڕژیمی یەکییەتی سۆڤییەت، "لێتلەند" بۆ خولقاندنی کەسایەتی نەتەوەی نوێ کەڵک لە مۆدلی لە مێژینەی ژێندەر وەردەگرێ:

ئەو بە وتاری "گەڕانەوە بۆ دێرین" دەستپێدەکا، گەڕانەوە بۆ ئەو پاتریارکاڵە نەریتییەی کە دەوڵەتی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمە بەر لە داگیرکردنی لە لایەن یەکێتی سۆڤییەت ١٩٣٩ هەیبوو... لەم پروسەیەدا چاوەڕوانی لە پیاوان دەکرێ دەوڵەت بخولقێننەوە، لە کاتێکدا چاوەڕوانی لە ژنان/ دایکان دەکرێ ڕۆڵی ئێشکچی کولتور لە سنوری بنەماڵە/ ماڵێ/ نەتەوە / دەوڵەت وەئەستۆ بگرن.

وادیارە ئەوەی کە لە "لێتلەند" قەوما لە زۆربەی وەڵاتانی تری ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی سۆڤییەتی کۆن، بە "ڕوسیە"شەوە، هەروەها "یوگوسلاڤیای" پێشووشدا قەوماوە. بە ئاشکرایی پیاوان بە سەر ئەم وڵاتانەدا زاڵن و، ژنان لە پەراوێز دەهاوێن و، تۆژەنکردنەوەی نەتەوەیی خۆیان بە تووڕەییەکی پیاوانە گرێدەدەنەوە کە هێندێک جار دەبێتە ئایدولۆژێکی جەنگی. ئەم سەروبنکردنە، واتا لە سیستەمێکی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بۆ سیستەمێکی پاتریارکاتی جەنگاوەر و، ژن بەکەمزان، سرنجڕاکێشە. بۆ چی ئاوای لێهاتووە؟

"نوڤیکوڤا"، پیشەی ڕەخنەگری ئەدەبی و مێژووناسییە، لە وتارە تازە بڵاوکراوەکەیدا وەڵامێکی جوان دەداتەوە: "نێرینێتی سۆڤییەت و دوای سۆڤییەت: بیرەوەی ژنان دوای جەنگی پیاوان."

وتارەکە نموونەییەکی بەنرخە بۆ ئانالیزێکی کولتوری ژێندەر، مێتۆدێکی کارییە کە تەنیا پرسیار لە سەر ژیانی تاکەکەس یان چالاکی تاقمێک ئەنیستیتۆ ناوروژێنێ، بەڵکوو پرسیار لە سەر مانا و، گرینگییەکانی بەرفراوانی کولتوری لە ژێندەردا دەهاروژێنێ کە چۆن ئەم گرینگییانە ئەزمونەکانی تاکەکەسی سنووردار دەکەن.

"نوڤیکوڤا"، دەڵێ باوکردنەوەی پیاوسالاری ناوچەیی بەم ئاواتەوە دەگەشاوە کە، بە

تەواوی پشت لە ئەزمونەکانی یەکێتی سۆڤییەت بکرێ.

لێکدانەوەی بەرفراوانی ئەوان لە ئاست یەکسانی جنسی بە مۆدێلی فەرمی سۆڤییەتی ئەم باوەڕەی پێدابوون کە پیاوان ئەختەکراون و، کراون بە ژن. بە گشتی بۆچوونەکە ئاوایە؛ مێژووی هۆوییەتی پیاوانە لە کیس چووە و، ئێستێ دەبێ بگەڕێندرێتەوە. بۆیە ڕەخنەکە تەواو دەگەڕێتەوە سەر، سەرنەکەوتوویی کاریگەری دینامیکی ژێندەر بە پرۆژە ئوتۆپیی سۆڤییەت. ناسیونالیست و، پاوانخوازان لە نۆژەن کردنەوەدا سەبارەت بە سۆڤییەتی ڕابردوو، بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان بەڵگەیان هێناوەتەوە، کە بناغەی وڵاتەکان لە سەر پرۆژەی ئوتۆپی هەڵە دارێژرابوو، بەم شێوەیە کە تایبەتمەندی پیاوان درابوو بە ژنان و، تایبەتمەندی ژنانیش درابوو بە پیاوان و، لە ئاکامدا ڕۆڵی "سروشتی" جنسی گۆڕدرابوو (٢٠٠٠:١١٩).

لە لایەن ڕێژیمە لاوازە تازەکانەوە ئەم کاردانەوەیە بە هێز کرا. ئەم ڕێژیمە تازانە هەژارن و، لە جیهانی زاڵی کاپیتالیزمی ڕۆژئاوادا سەربەخۆیی ئابووریان نییە. لەم کێی بەرکێیەدا، ئەوانە دەبێ خۆیان بۆ ئەم دۆژمنە تازە خۆبەزلزانانەی دەورووبەریان ئامادە بکەن، واتا ڕێزلێنانێکی بەهێز دەتوانێ وەک مێتۆدێک بۆ خۆگونجاندن چاولێکرێ. هەربۆیە لە پاڵ ئەم نۆیانەدا ( لە ڕاستیدا ئەوانیش هەر دێرینن) کولتوری ئەفسانەی نیزامی بوونی پیاوان بە خێرایی لە زیادبوون دایە، وەک زلهێزی پیاوانەی مافیای ڕوس.

ڕژیمی ستالین تەنیا دیکتاتۆرێکی دڵڕەش نەبوو، ئەو هەروەها دیکتاتۆرێک بوو کە لە دڕۆکردن سەبارەت بە یەکسانی پسپۆڕ بوو. لە پشت ڕووکەشی ئەم دیوارە کۆمونیستییەدا سیستەمێکی نادادوەرانە خۆی حەشار دابوو. لەوانەیە نابەرابەری لەوێ وەک وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی کاپیتالیسم بە ئاشکرایی نەبووبێ، بەڵام بە هەمان ئەندازە بە قووڵی ڕیشەی داکووتابوو. لەوێش کولتوری نابەرابەری ژێندەر لەئارادابوو. زۆری لەو هەنگاوە پێشکەوتوویانەی کە ژنان لە پێوندی لەگەڵ شۆڕشدا هاویشتبوویان، لە ماوەی دەساڵانی دوایی بەرەو پاش گەڕایەوە بۆ وێنە؛ مافی منداڵ لەبەربردن.

ژنان لە پارلمانی سۆڤییەتدا زۆرترین نوێنەریان هەبوو، یانی زیاتر لە تەواوی شوێنەکانی تری دنیایە _ بەڵام پارلمانی سۆڤییەت هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو. لەو ئورگانانەی کە بەراستی دەسەڵاتیان هەبوو ( بۆ وێنە کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیست)، ژنان ڕێژیەکی یەکجار کەمیان هەبوو. بێ گومان ژنان لە ئاستێکی بەرزدا کاری مووچەییەیان هەبوو، بەڵام ئەوان هەروەها زۆربەی کارە بێ بێ کرێیەکانی ناوماڵ و، سەرپەرشتی منداڵانیشیان هەر لەسەر شان بوو.

دیسان، "نوڤیکوڤا" جەخت دەخاتە سەر ئەوە کە، ژنان ڕۆڵێکی گرینگی هێمایانەیان لە کولتوری ڕوسی سۆڤییەتیدا هەبوو کە ڕیشەی دەگرێتەوە سەردەمی پێشوو، واتا مێژووی ڕوسییە. ڕۆڵی وەک دایکبوون، بەر لە هەموو

شتێک دایکی کوڕان. ڕژیم هەوڵێکی بێوچان و زۆری دا، تاکوو لە نێوان پێویستییەکانی ژنان وەک کرێکار و، ڕۆڵیان وەک دایک یەکێتی ساز بکا. بەڵام هەر دیسان ئەمەش بە تەواوی تواناوە ئۆلگوی کولتوری دایکێتی پیادە کرد. ئەم هەوڵە گەیشتبوویە ئاستێک کە ژنان _ وەک _ دایکی خودی ڕوسییە دەناسران، کە کوڕەکانیان _ وەک _ سەرباز بەرێدەکرد، تاکوو جیهان ڕزگار بکەن. سترکتورێکی ئۆستورەیی ژێندەرکە شەڕ خولقاند بووی، لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا گەشەی کرد و، هەتاکوو ساڵی ١٩٨٠ بەردەوام بوو، واتا ئەو وەختە کە ڕژیم هەوڵیدا داگیرکردنی نیزامی خۆی لە ئەفغانستان بپارێزێ.

بەڵام واقیعییەتەکانی ژنان زۆر جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی کە ڕژیم دەیویست بیانداتێ. "نوڤیکوڤا" بۆ ئەوەی لەم بابەتە بکۆڵێتەوە دەچێ لقێکی بچووک تاوتۆ دەکا: بیرەوەری ژنان لە شەڕدا.

ئەو بەرهەمی دوو نووسەران تاوتۆ دەکا. بە هۆی گونجاو من دەچمە سەر( Jelena Rzjevskajaنووسەری "مولێر لە سەفەر" و تێکەڵبوونی شەخسی ئەو نووسەرە لەگەڵ یەکێک لە ناخۆشترین ڕووداوەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی، گەڕان بەدوای هیتلێر ١٩٤٥)، هەروەها سرنج دەخەمە سەر نووسەری لاوتر Svetlana Aleksijevitj.

"ئالێکسیژێڤیچ" کتێبی"کوڕەکانی مس"ی (١٩٨٩) نووسیوە. کتێبێکی پڕکێشە، سەبارەت بە "شەڕە نامۆکان" ئەو لە سەر ئەم بابەتانەی نووسیوە، ڕژیمی سۆڤییەت لە ئەفغانستان شەڕی کرد و دۆڕاندی و، دایکێتی لە یەکێتی سۆڤییەتدا. سەردێڕی کتێبەکە، بەشێکی مەبەستی ئەو تابوتە مسانەیە کە ئەرتەشی سۆڤییەت لەماوەی شەڕدا بەکاری دەهێنا، بەشێکیشی سەبارەت بە ئەو خەیاڵە خاوەیە کە قارەمانانی بەسەرهاتەکانی سۆڤییەت یانی سەربازان و کرێکاران هەر لە شەڕەکانی کۆنەوە لە "پۆڵا" بوون. ڕژیم تەنانەت شەڕی ئەفغانستانیش وەک شەڕێکی خاچپەرستی بۆ ئاشتی و یەکسانی کۆمەڵایەتی نیشاندەدا. بەڵام سەرەڕای تێکنۆلۆژی بەرزتر و خەسارەتی زۆرتر، هەر دۆڕاندی. ئەرتەشی سۆڤییت ناچارکرا ئەفغانستان بە جێی بهێڵێ و، ئەو دەوڵەتە سوسیالیستییەی کە ئەوان پشتیوانیان لێکردبوو بەلاداهات. ئەوانی لەم نێوەدا سەرکەوتن، ئەو نیزامییانە بوون کە ڕکیان لە ژن بوو و، لە جووڵانەوەی تالیباندا بەشدار بوون و، ئێستێا دەسەڵاتداری وەڵاتن.

" ئالێکسیژێڤیچ" وتووێژی لەگەڵ زانایانی شەڕی ئەفغانستان و، ژنانی پەرستار جەنگی دەیەکانی ١٩٨٠ داکردووە. ئەمە ڕوونە ئەو نەهامەتییانەی کە شەڕەکە خولقاندبووی بارتەقای شەڕە سەرنەکەوتووەکەی ئەمریکا لە ڤێتنام دابوو، یانی لە باری دەرەندەیی و شکڵ و گوومان لە هەمان ئاستی بەرابەردا بوو. هەرچەند ڕژیمی سۆڤییەت لە کونترۆڵ کردنی نارەزایەتی گشتی و، لە ژێرەوە شاردنەوەی سەرکەوتووتر بوو. "کوڕانی پۆڵا" برینەکانیان لەسەرِاوە کولایەوە، ئەم کولانەوەیە هەم شەڕکەرە دێرینەکان و، هەم ئەوانەی ئازادا کە دەیانویست هەرچۆنێک بێ بەدبەختیەکان بشارنەوە.

"ئالێکسیژیڤیچ"، هەم کەلکی لە کولتورە ئاساییەکان کە باس لە پێوەندی ڕۆڵی _ دایک _ کوڕ لە شەڕدا دەکەن وەرگرتووە و، هەم دژایەتی کردووە. خاڵی دەستپێکی نووسەر مۆدێرن دەنوێنێ، بەڵام بەتایبەت کاتێک دەگاتە بابەتە هەستیارەکان و، زەرە وزیانی ڕوسانی بەشداربوو لە شەڕدا باسدەکا، جیاوازە. "ئالێکسیژیڤیچ" و خوێنەران بە جێگەی پێشوازی و پشتیوانی نەتەوەیی/ ئامێزی دایکان، چاویان بە شتێکی تر دەکەوێ: جەستەی پیاوان، مردوو، لەتوکوتکراو، ئەشکەنجەکراو، ڕاکشاو و چاوەڕوانی تابووتی مس _ تابوت ئەوەیکە وچنگ نەدەکەوت. بیرەوەری لە شکست و هێلاکی شعوور، وێنەی هەستبزوێنی گۆرستان بە گۆڕە گۆمناوەکانیوە، هێمای نەریتی پیاوان وەک قارەمانانی شەڕ، تێکدەشکێنێ.

هەروەها ڕۆڵی سیمبۆلی ژنانیش لە پێوەندی لەگەڵ ئەم شەڕەدا خۆڕاناگرێ. هێمای ئەو ژنە بەهێزانە، شێرەژنانە کە بۆ مەبەستێکی بەرزتر خەبات دەکەن بەهۆی بیرەوەرییە واقعییە تاڵەکان و، پڕ ئازارەکانیان کە بە چاویسووک تەماشاکراون و، لە لایەن پیاوانی دەستەی خۆیان لە مەڵبەندەکانی شەڕدا دەستدریژی جنسی کراون، تێکدەشکێ. هەروەها ئەو ژنانەی کە چالاکانە لە شەڕی خاچپەرەستیدا چالاک بوون، بگرە زیاتر تووشی دەستدرێژی بوون و، خەونە ڕۆمانتیکەکانیان سەبارەت بە ئەوین و ژنومێردایەتی لەدەستدا. کاتێک لە شەڕ ڕا گەڕانەوە ماڵێ هەستیان کرد، ئیمکانی نییە ئەزموونەکانیان لەتەک ئەو نمونە کولتوریەی ژنایەتی کە هەیە یەکتر بگرنەوە _ واتا ژنی پاکی کرێکار، ژنی بەمێرد. تەنیا ڕێگا چارەیان فەرامۆشکردنی بیرەوەرییەکانیان بوو. بەشێک لە دژایەتیکردن لەگەڵ نووسراوەی "ئالێکسسیژیڤیچ" لە سەر ئەمە بوو، کە ئەو هەرەشەی ئەم فەرامۆشکردنەی دەکرد.

ئەو پیاوانەی لە شەڕ گەڕانەوە بە ڕێگاییەکی تردا ڕۆیشتن. بۆ ئەوان ئەم شەڕە سەرنەکەوتوویە ئەزموونێک لە لاوازی جنسی تێکڕایی بوو. Susan Jeffords لە لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجراکێشدا نیشانی داوە (١٩٨٩)، کە دوای دۆڕانی ئەمریکا لە ڤێتنام، فیلم و ڕۆمانی ئەمریکایی وزەیەکی یەکجار زوریان خەرجی ئەوە کرد کە توانایی و دەسەڵاتی پیاوان ببوژێنەوە. لەم پێوەندییەدا و، بۆ بە مەبەست گەیشتن حەکایەتی یەکسانی نێوان جنس، واتا ژنانی هاوڵاتی زەقکراوە. "نوڤیکوڤا" دەڵێ؛ هاوتەریبێ هەمان هەوڵ و تەقەلا کە لە یەکێتی سۆڤییەتدا ئەنجامدارا، بەڵام: "ژنان وەبیریان دەهێننەوە کاتی ماسک لێدان تێپەڕی، یەکسانییەکان تەنیا دەستگیرۆیی بوون. ژنانی شەڕکەر بۆیان نەبوو لە سنوورە نۆرماڵە پێشنووسە بایولۆژییەکانی جنسی خۆیان تێپەڕن" (١:٢٠٠٠).

"نوڤیکوڤا" دەڵێ: بیرەوەری ژنان دینامیکێکی ژێندەر ئاشکرا دەکا کە لە پشت یەکسانی بە ڕەواڵەتی مۆدێلی سۆڤییەت خۆی حەشاردابوو _ و ئەمە یارمەتیمان دەدا کە لە پرینسیپەکانی یەکسانی سۆڤییەت تێبگەین. هەروەها ئەوەشمان بۆ هاسانتر دەکا کە

تێبگەین بۆ، زۆربەی جاران ئەوە ژنان خۆیانن کە پشتیوانی ئەم ئاڵوگۆڕە. ژنان دوای ئەم چەشنە زامە دەروونییانە، بە ئاواتی "باشترین چارە! فەرامۆشکردنی ئەزموونەکانیان"ن. زۆریان دەبن بە لایەنگریکی جێی متمانەی پاتریارکاتی نوێ و، وێنەیەک لە پیاوێکی بەهێز. ئێمە بە خوێندنەوەی وردی مێژووی کولتوری ناڵۆژیکی جاربەجاری نمونەی ژێندەر لە کۆمەڵگای سۆڤییەتی ڕابردوو دەتوانین تێبگەین و، بزانین چۆن پرینسیپە نەریتییەکانی ژێندەر لە سەردەمی "یەکسانی" سۆڤییەتی ڕابردوو پارێزراوە و، گۆڕدراوە.

کاتێک ئێمە باسی "ژێندەر" دەکەین، باسەکە لەسەر جیاوازی لاوەکی یان کاتیگۆری سەقامگرتوو نییە. ئێمە باسی پێوەندی، سنور، ئەرک، ناسنامە و، هێمایان دەکەین کە بە خولقاندنی چالاک لە پرۆسە کومەڵایەتییەکان و، لە قۆناخی مێژوویی تایبەتدا سازدەبن و، زۆرجار بە شێوەیەکی تەواو ناتەبا، مبارزەی مێژوویی و گۆڕانکاری لە ژێر پێی دەنێ و، بە قووڵی شکڵ بە ژیانی ئینسانان دەدا.

**(٣)**

## جەستە و جیاوازییەکانی

تێگەیشتنی باو لە ئاست ژێندەر لەدەوری بۆچوونی جیاواز لەمڕ جیاوازی نێوان ژنان و پیاواندا دەسووڕێ .

### جیاوازییە بایولۆژییەکان

بۆ، لە ئەساسدا جیاوازی لە نێوان جەستەی ژنان و پیاواندا هەیە؟ ئینسان و زۆر ڕەگەزی تر، هەم لە نێوان گیا و هەم لە نێوان ئاژەڵدا، لە ڕێگای (سێکس) کۆئەندامی زاوزێ خۆیان زیاد دەکەن _ مێتۆدێک کە هاسانکاری دەکا تاکوو زانیاری ژنێتیکی لە لایەن دوو تاک یەکتر تەواو بکەن. لە ڕاستیدا کۆئەندامی زاوزێ بەرهەمێکە لە پەرەسەندوویی و، لەوانەیە تەمەنی٤٠٠ میلیۆن ساڵ بێ. هەروەها بەرلەمەش فۆرمی ژیان هەبووە و، کە بە شێوەیەکی تر زاوزێ کردووە _ ئێستێش زۆر ڕەگەز هەر بە هەمان شێوە زیاد دەکەن. بەشێک، وەک گوڵی ئورکیدە و چیمەن، هەم لە ڕێگای کۆئەندامی زاوزێ و هەم بێ کۆئەندامی زاوزێ (asexuell)، خۆیان زیاد دەکەن.

بایولۆژان لە سەر ئەوەی بۆچی جنس پێکهات ناتەبان، چونکو ئەم پرینسیپە سەیرە هێندێک لایەنی باشی بۆ پەرەسەندن تێدایە. لەوانەیە جنس لەبەر ئەوە سازکرابێ، کە کۆئەندامی زاوزێ هەلی هاسانتر و خیراتر بۆ گۆڕانکاری دەرەخسێنێ، یان لەبەرئەوە سازبووبێ کە بەرگری لە ئاڵوگۆڕی زەرەرمەند دەکا.

هەڵدەکەوێ کە کۆئەندامی زاوزێ بە پێویست نازانێ جەستە ببێتە تایبەتی یەک جنس. بۆ وێنە لە نێو کرمی خاکیدا، هەر تاکەیەک خۆی نێرەمووکە، کە هەم تۆی و هەم هێلکە سازدەکا، هەر کرمێک خۆی دەتوانێ هەم توانایی کاری مێیە و هەم کاری نێرەی هەبێ. لای گروپی تر تاکەکان یان تۆی یان هێلکە سازدەکەن، بەڵام نەک هەردوو نەوعی. جەستەی ئەوان تا ڕادەیەک"dimorf"ییە، ئەوەش بەم مانایەیە کە لە ڕەگەزێکی دیاریکراو و تایبەتدا دوو چەشن وجودی هەیە. مرۆڤ لە ڕەگەزێکی ئاوایە .

زانیاری ژنێتیکی لە DNA ی ئێمەدا بە کۆد کراون و، دەگوێزرێنەوە بۆ کرۆموزومەکان. کرۆموزوم لە "نێرکی خانە"ی ئەندامانی میکرۆسکۆپی گیا و ئاژەڵدا هەیە.

لە زۆر بارانەوە جەستەی ئینسان بە تەواوی دیمۆرف نییە. یەکەم، بەرلە هەموو شتێک گرۆپێکی ئاڵۆز لە نێو کاتیگۆری جنسدا هەیە، وەک ژنان کە تەنیا یەک کرۆزۆمی X یان هەیە، پیاوان یەک کرۆمۆزۆمی X ی زیادی و چەندی تریان هەیە. ئەم کاتیگۆریانە سەردەمێکە سرنجی سێکسۆلۆژانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و، هیچ پێوەندییەکی ڕوونی لە ئاست ڕەفتاروە تێداوەدیناکرێ. دووهەم، ئەو جیاوازێ فیزیکییانەیە کە لە نێوان جەستەی ژن و پیاودا هەیە، کە وێڕای بە ساڵداچوون گۆڕانکاری بەسەر دادێ. لە سەرەتای قۆناخەکانی پێگەیشتندا تەقریبەن جەستەی ژنانە و پیاوانە وەک یەکن: تەنیا جیاوازییەکی بچوک لە جەستەی کچێکی دوو ساڵە و کوڕێکی دوو ساڵەدا هەیە. لە زۆربارانەوە وێڕای بە سەر چوونی تەمەن، جەستەی ژنان و پیاوان تەواو زۆرتر دەچنەوە سەریەک. بەشی سێهەم: تەنانەت لای لاوانیش نیشانە تایبەتییە فیزیکییەکان لای پیاوان وەک گروپ و، لای ژنان وەک گروپ تا ڕادەیەکی زۆر یەکتر پینەدەکەن، بەرزی باڵا وێنەیەکی ساکارە.

نموونەیەکی ئاڵۆزتر مێشکە _ کە لەم ساڵانەی دواییدا لە پێوەندی لە ئاست جیاوازییەکانی جنسێوە بووە بە کەرەسەی تاوتۆیەکی چڕوپڕ. کاتێک باسی ئاناتۆمی مێشک و کارەکانی مێشک دەکرێ، هێندێک جیاوازی لە نێوان مێشکی پیاوان و، ژناندا هەیە بۆ وێنە؛ ئینسان زیاتر لە کام بەشەکانی مێشک بۆ زمانەوانی کەڵک وەردەگرێ. بەڵام جیاوازییەکان زۆر کەمن و، بە دڵنیاییەکی کەمتر لەمە باسی لێکراوە کە ئینسان بتوانێ بە پێی ئەم تاریفە بڕوا و، دوکانوبازار لە "بیرکردنەوەی ژنانە و پیاوانە" سازبکا. لە هێندێک لە بەشەکانی ئاناتۆمی مێشک و کارەکانی میشک، هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان جنسدا نییە و، لەم شوێنانەی کە جیاوازی هەیە، هەروەها زۆر وێکچوونیش هەیە.

Lesley Rogers (2000:34) دەڵێ؛ "مێشک هەڵنابژێرێ کە ئایا ببێ بە مێشکێکی ژنانە یان مێشکێکی پیاوانە. لە نێو تەواو ئەو کردارانەی مێشک کە دەتوانین ئەندازەیان بگرین، حەشاردانێکی بەرچاو لە نێوان کرداری ژنان و پیاوان وەدیدەکرێ." کە دەبێ ئاشکرا بکرێ، واتا تایبەتمەندییەکانی ڕەفتاری ئینسانی.

## جەستە وەک ماشێن

زۆر لە تاوتۆکان سەبارەت بە ژێندەر، بۆچوونی وەها دێنێتە پێش کە جیاوازییەکانی بایولۆژی ڕاستەوخۆ لە هێندێک جیاوازی تردا ڕەنگبداتەوە: هێزی فیزیکی و چوستوچالاکی (پیاوان بە هێزتر و چوست ترن)، لێزانینی میکانیکی (پیاوان لە تیکنیکدا لێزان، ژنان لە وردەکاریدا باشن)، توانایی سێکس (ویستی پیاوان بە هێزترە) داخوازی تێپەڕکردنی کاتی ئازاد (پیاوان حەز لە وەرزش و ژنان حەز لە

غەیبەت دەکەن)، کەسایەتی (پیاوان تورە و تۆسنن، ژنان خزمەتگوزارن)، شعور (پیاوان ژیربیرن، ژنان سەرسەرەکین) هتد. تێگەیشتنێکی روون و بەرین، ئەم جیاوازییانە زۆرن و، "سروشتین"!

باوەر بە ئەم جیاوازییە سروشتیانە بناخەیە بۆ پەسەندکردنی زۆر چەشن لە نمونة کۆمەڵایەتییەکانی ژێندەر. لە سەدەی ١٨دا Johan Stuart Mill ی فەیلەسوف، لە وتارە بەناوبانگەکەیدا The Subjection of Women گووتی؛ زاڵبوونی پیاوان لە کۆمەڵگا سەلماندنی توانایی زۆرتری هێزی فیزیکیان بوو. فکرێکی مۆدێرنتر ئەوەیە کە؛ زاڵبوونی پیاوان بەهۆی پلەی بەرزی هۆرمۆنی"تێستۆستیرۆن"نیانە، واتا هورمۆنی "تورە و تۆسنی خێرەومەند".

لایەنێکی ئاڵۆزتر لەسەر ئەم بۆچوونانە لەلایەن بایولۆژی ئەمریکی Edward Wilson پێشکەشکرا و، چەمکی (sociobiologi) هاتە مەیدان و، تاقمێک دەروونناس بوون بەهاودەنگی بیر و بۆچوونەکانی "ویلسۆن" و، ناوی رێگەی خۆیان دانا "evolutionistisk psykologi". ئەساسی بەڵگە و بۆچوونەکانیان لەمە را دێ کە ژێندەری کۆمەڵایەتی ریشەی لە ستراتێژی خولقاندنەوە داهەیە. بە پێی تیۆری داروین، ئەگەر بێتوو خولق وخۆی ئینسان بەشێکی ویراسی بێ، واتە ئەمە شتێکی سروشتییە کە ئەم بەشە لە خولقوخۆیە سەرکەوتوودەبێ و پەرەێپێدەدرێ کە زیاتر هەل دەرەخسێنێ تاکوو ژینی تاکەکەس بەرەوپێشەوە بچێ و، بیگەیێنێتە جیلی داهاتوو.

(١٩٩٨) Male, Female توژینەوەیەکی دەروونناسییە، لە لایەن David Geary کراوە، زۆر ورد و بەکەڵکە و شیاوی دەسخۆشی کردنە، پێداچوونەوەیەکە لە روانگەی ژێندەرەوە، لەسەر "سایکولۆژی پەرەسەندن". مەبەستی "گێری" ئەوەیە، کە لە رووی تۆژینەوەی دەروونناسی لە ئاست جیاوازییەکانی نێوان جنس لە سەر ئەساسی "هەڵبژاردنی سێکس"، (جووت هەڵبژاردن لە رووی کۆئەندامی زاوزێ) یەکێتییەک پێکبهێنێ، وەک میکانیزمێک بۆ پەرەسەندن.

ئەفکاری سوسیوبێولۆژی سەبارەت بە جیاوازییە سروشتییەکان زیاتر وەک "حەقیقەتێکی" زانستی دەروانێتە رۆڵە جنسییەکان کە فیمێنیستان حاشای لێدەکەن و، کۆمەڵگاش بە بەرپرسیارێتی خۆی پێشێلی دەکا. بە هەمان چەشن بەڵگەی فیمێنیستی هەیە کە جەستە وەک سەرچاوەییەکی راستەوخۆی جیاوازییەکانی ژێندەر دادەنێ. فیمینیستەکانی رۆژئاوا، لە دەهەی ١٩٨٠ زۆرجار تورە و تۆسنی پیاوان و نەرمونییانی ژنانیان وەک شتێکی سروشتی چاولێدەکرد.

باوەر بە جیاوازییەکانی سروشتی لە زۆر شوێناندا تووشی تەنگوچەڵەمە دەبێتەوە. بۆچوونەکە ئاوا نیشان دەدا کە، ژیربیری کۆمەڵایەتی بێ پێوەندی بە ژیربیری ژێنێتیکی کاری دەکا. ئەم شیکردنەوەیە، هیرارکی ژێندەر پێوەستدەدا بە هورمۆنی "تورە و تۆسنی خێرەومەند"، واتا تێستۆستیرۆن. ئەمە خۆی لە خۆیدا رێگا گۆرینێکە یانی، هەوەڵ تێستۆستیرۆن دێ، دوایی دەسەڵات بە دوایدادێ، بەم مانایە ئاستی بەرزی تێستۆستیرۆن دەبێتە هۆی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن.

بەڵگەکانی"گێری"، تازە و بیرمەندانەن، بایخی سرنج و شیکردنەوەیەکی زۆرن. شیکردنەوەکەی لەمڕ هەڵبژاردنی سێکس لە سەر ئەو ئەساسەیە کە تاکەکەس ئەوەی هەڵدەبژێرێ کە قازانجی ئەو بە بەرزترین پلەی سەرکەوتنی ژێنێتکی بگەیەنێ، نەک ئەوە قازانجەی کە بنکەئابوورییە جۆراوجۆرەکان لە بازاری ئازاددا دەیانهەوەی و،بە مۆدێلی ئابوری کلاسیکی نوێ، کاپیتالی خویان بە بەرزترین پلە بگەیێنن. تایبەتمەندییەکانی سایکۆلۆژی تەنانەت نەیانتوانیوە تاکە یەکدانە جیاوازی جنسی نیشانبدەن کە نەتیجەیەک بێ لە پەرەسەناندنی مکانیزمی.

(1990) Theodore Kemper دەڵێ؛ ئێمە دەبێ بیروباوەری کۆمەڵایەتی – بایولۆژی، لەسەر ئەساسێکی کۆمەڵایەتی بە پێوەندییەکی ژیربیرانە و پتەوتر، جێگر و تێکەڵاوی بیروباوەری جیاوازییە سروشتییەکان بکەین. مۆدێلی جەستە_ ماشێن لە تیۆری ژێندەرەوە سەرچاوەدەگرێ، ماشێن خۆبەخۆ کار دەکا: هۆکارەکانی بایولۆژی بێ حەوجێی بە کۆمەڵگایە. بەڵام چەند جەستەی ئینسانی (یان جەستەیەک کە شوباری ئینسان بدا) لە زۆر کۆنەوە لە دەرەوەی گۆمەڵگا وجودی نەبووە. ئەم پرۆسە کۆمەڵایەتییە دەتوانێ بەر لە ٢،٥ میلیۆن سال لەمەوبەر هەبووبێ.

ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە جەستەی ئێمە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی تەئسیر وەردەگرێ. تەندروستی خەڵک، پێگەیشتنی منداڵ و، وەرزش بەڵگەی زۆرمان پێشکێش دەکەن. چۆن جەستەی ئێمە پێدەگا و کاردەکا و، چۆن تەئسیر لە خوردوخوراک، ڕەوشتی سێکس، شەڕ، کار، شارنشینی، خولی فێربوون و خزمەتگوزاری تەندروستی وەردەگرێ،(هەلبەت ئەمانە تەنیا ئاماژەن بە چەند فاکتەری ئاشکرا)، تەواوی ئەم فاکتەرانە لە ژێندەردا بەستروکتور دەکرێن. بۆیە ئێمە ناتوانین، ئەو ئۆڵگو ژێندەرە کۆمەڵایەتییانە تەنیا وەک شتیک کە تایبەتمەندی جەستەمانیان پێکهێناوە ببینین. ئەوان هەروەها تەئسیر لەسەر جەستە دادەنێن و، بەم پێوەندییانە شکڵ دەدەن کە جەستە دەبێ تێدا پێبگا و بژی. وەک Celia Robert (2000)دەڵێ؛ هاوکارییەک لە نێوان بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتیدا هەیە.

تۆژینەوەیەکی مێژوویی لە لایەن Thomas Laqueur (1990)ئەنجامدراوە کە لەوێدا توماس نیشانیداوە، سیما زانستییەکانی جیاوازی جەستەیی بە تێپەربوونی زەمان ئاڵوگۆریان بەسەرردادێ. مەسەلەکەش ئەوەیە، کاتێک ئێمە حەقیقەتێکی ئاڵۆز دەخەینە بەر چاو، چۆنی بهێنینە بەرچاومان هەرئاواشی "دەبینین".

ئەو تێگەیشتنە بەربڵاوە کە تێستۆستیرۆن "هۆرمونێکی پیاوانە"یە، زۆرتر نمونەیەکی پڕلایەنگرەی سەردەمی ئێستێیە کە دووجەمسەری پێڕاگرین. لە ئەساسدا تێستۆستیرۆن لە جەستەی هەموو ئینسانێکدا هەیە. "هۆرمونی ژنانە" واتا ئوستروژێن، هەر هەمان شتە. وەک Lesley Roger (2000) ئاماژەی پێدەکا، زۆر ژن ئاستی خەستی تێستۆستیرۆنی خوێنیان لە زۆر پیاوان زیاترە. پیاوان دوای تەمەنی پەنجاساڵی لە میانگیندا ئوستروژێنی خوێنیان لە هی ژنان زیاترە.

Judith Butle لە(Gender Trouble(1990 جەخت لە سەر ئەوە دەکا، کە باوەڕی ڕۆژئاوا بە "جنسی موخالیف" ڕوانگەی نمونەی کولتوری مودێرنی ڕۆژئاوایە لە ئاست دنیای سروشتی جووتبوونی هێترۆسێکسوئێلی.

## ئەو دوو هەرێمانە

لە دەهەی ١٩٧٠دا، ژمارەیەک تئوریسێن باس و لێدوانێکی گەرموگوڕیان لەمەڕ "جنس" و "ژێندەر" هێنایە گۆڕێ. جنس چەمکێکی بایولۆژییە؛ جیاوازی نێوان نێر و مێیە لە نێو ئاژەڵ و، لە نێو ئینساندا. ژێندەر چەمکێکی کۆمەڵایەتییە؛ جیاوازی نێوان ڕۆڵی پیاو و ڕۆڵی ژن یان لە نێوان کەسایەتی ژنان و، پیاواندا. ئەو سەردەمە ئەم باس و لێکدانەوەیە بۆ زۆران پێشکەوتنێکی کوتوپڕی مەنتیقی بوو. ئەم لێکدانەوە ئاڵۆزترین گرێی کردەوە و نیشانیدا کە بۆ چی نابێ جیاوازییەکانی بایولۆژی وەک بەڵگەیەک بۆ سەرکوتکردنی ژن بکاربهێندرێ.

نەتیجەی جیاوازییە بایولۆژییەکان دەیتوانی هەر لە هەرێمی بایولۆژیدا ڕابگیرێ. وەک دەبینین لەو وەختەوە هەرێمی کۆمەڵایەتی بە "کولتور" و "ڕوڵ"ەکانیەوە بۆتە ژێرخانی ژێندەر. لەم ناوچەیانەدا کە کولتور و ڕۆڵ لە ئازادیدا شکڵ دەگرن تاکەکەس یان کۆمەڵگا دەتوانێ ئەو ئولگو ژێندەرانە هەڵبژێرن کە خۆیان دەیانهەوێ.

، Carol Jacklin و Eleanor Maccoby نوسەرانی ئەم توژینەوە قووڵ و بەهێزە The Psychology of sex (1975) بەم نەتیجەیە گەیشتن؛

ئێمە دەڵێن؛ کۆمەڵگا ئەم ئیمکانەی هەیە کە لە ڕێگای بە کۆمەڵایەتی کردن جیاوازییەکانی نێوان جنس بە کەمترین ئاست بگەیێنێ بە جێگای بە بەرزترین ئاست گەیاندن. بۆ وێنە؛ کۆمەڵگایەک دەتوانێ وزەی زیاتر تەرخان بکا بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی پیاوان، تاکوو ئەوەیکە ژنان تەیار بکا خۆ بخەنە ژێر هێرشی پیاوان، یان هانی پیاوان بدا دژایەتی چالاکییەکانی چاودێری و خزمەتگوزارییەکان بکەن.

چەمکی"androgyni" (نێرەمووک، جووت ڕەگەز) کە لە لایەن (Sadra Bem (1974 و دەروناسەکانی تر لە هەمان کاتدا هاتە ناسین، هەولێکی زۆر بە نرخ بوو بۆ ناسینی ئالترناتیوێکی ئولگوی ژێندەر، تێکەڵاوێک لە کەسایەتی ژنانە و پیاوانە، کە تاکەکەس یان کۆمەڵگایەک دەیتوانێ هەڵبژێرێ.

کاتێک فێمنیست لیبرالەکانی ئەمریکی لە دەهەی ١٩٧٠ لەو پەڕی بەرزی خۆیاندا بوون، دوو هەرێمەکان بوون بە مۆدێلێک بۆ ئەو کەسانەی کە گەشبین بوون و، دیدێکی ڕوونیان سەبارەت بە گۆڕانکاری هەبوو.

بە گوێرەی ڕاوێژی ئەو زەمان، توانرا ئەو چاوەڕوانییانە کە ڕۆڵە جنسییەکان سازیان کردبوو، بگۆڕدرێ و، توانرا بە کۆمەڵایەتیکردنییەک لە ڕۆڵەجنسییەکاندا ڕوبدا. ئەو ئولگۆ ژێندەرە زاڵمانەی کە لە ئاکامی هەڵبژاردنی پێشوو ساز ببوو، توانرا بە هەڵبژاردنی تازە وەلابندرێ.

مۆدێلی دوو هەرێمی زوو بوو بە مەسەلە. بۆچونی ژێندەر لەمڕ ئەمە کە کولتور جیاوازییەکانی "ڕۆلی جنسی" دەسنیشاندەکا نەیتوانی ئەوە شیبکاتەوە کە بۆ تەنیا یەک لایەن، واتا لایەنی پیاوان، بایخی زۆرتریان لە لایەنەکەی تر پێدراوە. جودایی نێوان ژێندەر و جەستە وێڕای پەرسەندنی لە نێو فێمینیسم، کە هەر زۆرتر و زۆرتر گرینگی بە جەستە دەدا گەیشتە لووتکە.

جەستەی ژن: لە لایەن فەیلەسوفانی فرانسی وەک کەرەسە بۆ دەسەلاتی کۆمەلایەتی و سەرچاوەی هەست و هێما زەق دەکراوە.

ڕێککەوتنێک کە لە ئەقلێکی سەلیمی ئاسایی سەرچاوە بگرێ، دەبێ بتوانێ ئەم مانایەی هەبێ کە جیاوازی ژێندەر هەر دوو نۆرمی بایولۆژی و کۆمەلایەتی دەگرێتەوە.

ئەم مۆدێلە بەکۆ بناخەیەکە بۆ زۆربەی زۆری باسەکانی ژێندەر لە سایکۆلۆژی کومەلایەتیدا و، ئێستێش لە لایەن "ڕۆلی جنسی" چەمکێکی ئاساییە.

تەنانەت گرفت لەم شێوە تێڕوانینە واتا مۆدێلی بەکۆ، دا هەیە، چونکو ناکرێ بە دروستی لە دوو ئاستدا شێکردنەوەییەکی هەلسانگاندنی بکرێ. ئێنسان زۆربەی جاران بایولۆژی بە بناخە دادەنێ و، واقعییەتەکانی بایولۆژی لە واقعییەتەکانی کومەلایەتی واقعیترن، لێدوانەکان بەهێزترە و، کاتیگۆرییەکان مسۆگەرترن.

**ماکۆبی و ژاکلین ئاوادەلێن :**

بە پێی تێگەیشتنی ئێمە بنکە کۆمەلایەتییەکان و ئەرکە کۆمەلایەتییەکان تەنیا ڕەنگدانەوەیەکی لە قوتارنەهاتووی بایولۆژی نین. ئەم چوارچێوانەی بایولۆژی تێدایە، زۆر بنکەی جوراوجۆری کۆمەلایەتی ئیمکانی بوونیان هەیە. ئەوە ئێنسانەکانن کە شێوەی ژیان لە بنکەکاندا هەلدەبژێرن و دەیگونجێنن و، بەر لە هەموو شتێک بایەخی دەدەنێ.

بایولۆژی ئەو بڕیاردەرەیە؛ ئێنسانان تەنیا لەو "چوارچێوانە"دا دەتوانێ بەرنامە کۆمەلایەتییەکانی خۆیان هەلبژێرن. تیۆری ڕۆلی جنس و لێکۆلینەوەی سەبارەت بە جیاوازی جنس لە دووجەمسەری بایولۆژیدا بەردەوام لە بەرەولێژی دایە. گرفتێکی سەرەکی تری مۆدێلی بەکۆی جیاوازییەکانی کۆمەلایەتی و بایولۆژی ئەوەیە کە ئەو ئۆلگویانەی کە لەم دوو ئاستەدا لەیەک جیا دەبنەوە، پێویست نییە گونجاوی یەک بن.

هەر درووست وەک "additionsteori" دەلێ، کات هەیە کە پرۆسەی کۆمەلایەتی جیاوازێ جەستەییەکان بەهێزتر دەکەن، هەروەها کاتی تر هەیە کە پرۆسەی کۆمەلایەتی جیاوازییە جەستەییەکان چەواشە، دژایەتی، ئالۆز، بچوک یان نەرمونیانیان دەکەن.

لەبەر زۆر هۆکار ئیمکانی ئەوە نییە، خەت لە بەشێک لە تەفسیرەکانی مۆدێلی ژێندر بدرێ، حیساب لەسەر دوو هەرێمی جیاواز دەکەن. لەوانەیە ئێمە ناچار بین تەنیا هەرێمە کۆمەلایەتیەکان ببینین تاکو بتوانین جیاوازییەکانی ژێندەر شیبکەینەوە. لە ئانالیزی کۆلتوریدا تێڕوانینێک هەیە، کە جەستە وەک شتێک لەسەری بنووسرێ (یان لێی هەلکەندرێ)، یان کوتە پەرۆیەک نەخشی لەسەر بکرێ چاولێدەکرێ.

## جەستە وەک قوماشی نیگارکێشان

دووهەمین شەپۆلی فێمینیستی لە هەوەڵەوە هێرشی بردە سەر ئەو سیستەمە کە جەستەی ژنی لە فۆرمی وێنەدا نیشاندەدا و کەلکی لێ وەردەگرێ.

لێکۆڵینەوەکانی تازەتری کۆلتوری لەسەر جەستە، زۆرتر تیشکی دەخستە سەر ئەو بۆچوونانەی کە Michel Foucault بەسەریدا زاڵبوو. فۆکۆ، بە کۆمەڵێک کاری مێژوویی ورد و زیاتر لە (چاودێری و جەزا ١٩٩٣) دا نیشانیدا کە چۆن زانستی مودێرن بە کاتیگۆری کردن ئینسانان لێک جیادەکاتەوە و، چۆن ئەم کاتیگورییە بە تێکنیکێکی ئاڵۆز دەکرێتە دیسیپلینێکی کۆمەڵایەتی تاکوو بتوانێ جەستە کونترۆڵ بکا. ئەم تێکنیکانە لە چوارچێوەی ئەم ڕیزە پیشانە وەک پزیشکی، سایکۆلوژی و، کریمینۆلۆگی ڕۆڵێکی گرینگ بەرێوەدەبەن. ڕەوتی فکری فۆکۆ لە سوسیۆلۆژی جەستەوە کرا بە تێگەیشتنێکی جەماوەری و، لە لایەن (1984) Bryan Turner پەرەپێدرا. "تورنێر" چەمکی"ئەزموونی جەستە" دەناسێنێ و، تیشک دەخاتە سەر ئەوە کە جەستە کەرەسەیە و ئێمە کاری لەسەر دەکەین _ ئێمە دەخوێن، دەنوین، خۆمان دەشوین، ڕژیم دەگرین، وەرزش دەکەین.

فۆکۆ هەرگیز سەرنەکەوەت تیۆرییەکی ژێندەر گەشە پێبدا(هەرچەند لە ئەساسدا لە زۆربەی کارەکانی باس لە سەر پیاوانە و، ڕێسا ڕەواکانی بە پیاوەتی کراون). بۆچونەکانی لە لایەن چەندین فێمینیستەوە باسی لێکرا (بۆ وێنە Fraser١٩٨٩ ) و، بەم جۆرەی کە ئینسان لە ڕوانگەی ستروکتوری ژێندەرەوە چاو لە جەستە دەکا و، بە بەرهەمی ئەزموونە بە دیسیپلین کراوەکانی دادەنێ، بە هاسانی دەکرێ بیکەی بە تیۆری ژێندەر.

کاردانەوەکان مادین؛ لەم کۆمەڵگا مۆدێرنەدا، بایولوژی دەبێ خۆی لەبەرامبەر تۆفانی دیسیپلینی کۆمەڵگادا خوار بکاتەوە. جەستەکان "نەرم ونیان"ن، جیاوازییەکان لە ڕێگای ئەرکە بە دیسپلین کراوەکان دەخولقێن، واتا قوماشەکە فڵچەیەکی باشی پێدادێ.

لە چوارچێوەی پەروەردە کردنی وەرزشی مۆدێرندا، دێکومێنتی سەرنجراکێش هەیە کە نیشاندەدا کێی بەرکێی وەرزشییەکان لەسەر ستروکتوری ژێندەر دەسوورێن. Nancy Theberg (1991) بە ڕوونی نیشانیدەدا چۆن مێتۆدی مەشقی جۆراوجۆری تایبەت بە پیاوان و تایبەت بە ژنان هەیە کە وێڕای فێرکردنی ئەو ئەرکە بە دیسیپلین کراوانە، ڕێگاش بۆ وەرزشێک خۆشدەکەن جەستەیەکی وەها بخولقێنێ کە ستروکتوری ژێندەری تێدابێ.

ئەگەریش دیسیپلینی کۆمەڵایەتی نەیتوانی ستركتوری ژێندەری جەستە بەرهەم بێنێ، ئەوە چەقۆ هەیە کە دەتوانێ ئەم کارە بکا. نەشتەری جوانی بووە بە پیشەیەکی گەورە؛ جەستەکان بە تەواوی ماناوە لە ڕووی ئەو نوسخەیە کە سیمبولی ژێندەری تێدا پێچراوەتەوە لە تراش دەدرێن. مرۆڤ دەتوانێ ئاوا بڵێ کە تەواوی ئەم پیشەسازیان دژایەتی تیۆری جیاوازییە سروشتێکان دەکەن.

بێگومان ئەو تیۆرییانەی کە جەستە وەک قوماشی وێنەکێشان چاو لێدەکەن دەبوایە بەرهەمی زۆر باشیان لێدەرهاتبا، بەڵام ئەوانیش گرفت هێنەرن. هەوڵەکان جەخت دەخەنە سەر "بڕیارەکان" تا ئەو ڕادەیە کە "دیاریکراوەکان" کەم یان زۆر ون دەبن. لە پێوەندی ژێندەردا ئەم مەسەلەیە گرینگە.

تیۆری پۆست ستروکتورڕئالیستەکان، دان بەم ڕێسایانە دادێنن، بەڵام زۆرجار لە دەستەمۆکردنی جەستەدا زیادەڕۆیی دەکا. جەستە دەتوانێ بەشداری لە ڕژیمی بە دیسیپلینکراودا بکا، ئەوەش نەک بە هۆی ئەوەی کە دەستەمۆیە، بەڵکو لەبەر ئەوە کە چالاکە.

ناکرێ جەستە تەنیا وەک کەرەسە بۆ پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، یاخود سیمبول یان بابەتی دەستەمۆکردن تاریف بکرێ. جەستە بە تایبەتمەندی خۆی، گەشەکردنی خۆی و پێویستییەکانی خۆی بەشداری لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی دەکا و، بەم مەبەستە وەدوای ویست و تواناییەکانی خۆی دەکەی و لەمەدا مشتومڕ و نەویستین ساز دەبێ. لەم کایە کۆمەڵایەتییەدا دەبێ جەستە وەک بەشدارێک کە داهێنەرە لە بەڕێوەبردنی یاساکانی کۆمەڵ چاوی لێبکرێ. سەرەڕای ئەمانەش تەواوی گرفتەکان بەم چارەنووسە بایولۆژیانەی کە لە سەرێ ئاماژەی پێکرا هەردەمێننەوە.

**فاکتەر لەمەڕ جیاوازی :**

**لێکۆڵینەوە سەبارەت بە "وێکچون لە نێوان جنسدا"**

جیاوازییەکانی جەستە و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی زۆرتر بە هەمان تایبەتمەندییەکانی پرینسیپی دوو جەمسەری پێوەند دەدرێ. ژنان تایبەتمەندی گونجاو بە خۆیان هەیە و پیاوان بە خۆیان. دەڵێن؛ ژنان دەیانهەوێ ببن بە پەرستار، بە هاسانی تەئسیر وەردەگرن، زۆربڵێن، هەستیارن، وەفادارن، بەمشورن و لە سێکسدا بەوەفان. پیاوانیش؛ توڕە و تۆسنن، بێدەنگن، نەریتین، بە گومانن، لە سێکسدا بێوەفان. ئەم بیر و باوەڕانە لە سەدەی هەژدەدا شوێنێکی زۆریان لە کولتوری وڵاتانی ڕۆژئاوا داگیر کردبوو، ئەو سەردەمە بڕوا بە نزم بوونی شعور و هۆش و توانای ژنان وەک بەڵگەیەک کەلکی لێوەردەگیرا تاکوو مافی دەنگدان و ئیزنی خوێندنی ئاکادیمیان پێنەدرێ.

باوەڕ بە تایبەتمەندی دوو جەمسەری ئەوەندە گرینگە کە بووە، بە یەکێک لە هەوەڵین تەوەرەکانی گرێدراوی ژێندەر و، کەرەسە بۆ ئەزمونی دووردودرێژی پشکنین. لە سەرەتای دەهەی١٨٩٠وە بەرەبەرەی دەروناسان لە خوێندگەکان لە نێوان ژنان و پیاواندا تاقیکردنەوەی تایبەت و جۆراوجۆریان ئەنجام داوە و، نەتیجەکانیان لەبەرامبەر یەکتردا هەڵسەنگاندوە. لە سایکۆلۆژیدا یەکێک لەو تەوەرانەی کە زۆرترین پشکنینی لەسەرکراوە "جیاوازییەکانی جنس"ییە. لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە لایەن Rosenberg, Rosalind Beyond Separate Spheres(1982) دەستیپێکرد و، یەکەم بەرەباجی لێکۆڵەری دەروونناس بە پێچەوانەی تێڕوانینە

سەرکەوتووە گشتییەکان ئەمیان ڕوونکردەوە کە، توانایی فکری ژنان و پیاوان تەقریبەن بەیەک ئەندازەیە.

ئێستە کاتێک باس لە هۆشی ئاسایی دەکرێ، ئیتر ئەمە تەواو دانی پێداهێندراوە کە هیچ جیاوازی جنسی ئەوتۆ لەم بەینەدا هەبوونی نییە.

بەڵگەیەکی سرنجڕاکێشتەر ئەوەیە کە ئەمانە وەک ئەساس، ئاسایی ترین نەتیجەن لە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە جیاوازییەکانی جنسی. لە کتێبی "ماکوبی" و "جاکسون"دا نمودار بە دوای نمودار دا دێ و، ئاساییترین وشە کە لە خانەکانی ئەندازەگرتنی جیاوازییەکاندا دەبینین وشەی (هیچ)ە.

بە گوێرەی ئەم بەڵگانەی کە نیشاندراون ئەوە ڕاست نییە کە؛ کچان لە کوڕان ئیجتماعیترن و، ئاسانتر کاریان تێدەکرێ لە دەرس فێربوون لەبەرکردن کچان باشترن، کوڕان لە پروسەی شێکردنەوەی هاوکێشەکان باشترن، کچان باوەڕیان بە خویان کەمترە و، کوڕان باوەڕیان بە خۆیان زۆرترە، کچان نەریت و، کوڕان ژینگە و دەورووبەر پتر کاریان تێدەکا، کچان بۆ سەرکەوتن هێزی هاندەریان تێدا نییە یان، کچان زیاتر باوەڕ بە گوێ دەکەن و، کوڕان زیاتر باوەر بە چاو دەکەن. تەواوی ئەم بۆچوون و باوەڕانە بە کردەوە سەلماندراوە کە تەنیا وتەن.

لەم دەرئەنجامانەدا"ماکوبی" و "ژاکلین" تەنیا نەبوون Hugh Fairweather(1976) دوای لێکۆڵینەوەیەکی بناخەیی لەسەر جیاوازییەکانی جنسی لەمەڕ توانایی شعور بەمە گەیشت، کە ئەم جیاوازێ جنسییانە ئەوەندە کەمن و ئەوەندە جێی ناباوەڕین، هەر بۆیە نابێ گرنگییان پێبدرێ، Mark Hogrebe و هاوکارەکانی( ١٩٨٥) پشکنینێکی پانو بەرینیان لەمەڕ توانایی خۆێندن لە سەر خوێندکارانی دواناوەندی ئەمریکی ئەنجامدا، تەنیا یەک لە سەدی ئەنجامی کارنامەکان باری جیاوازی جنسی دەگرتەوە _ لە کاتێکدا ئەوە لێکۆڵینەوانەی بە پێی هەڵسەنگاندنی ( "demographic"کۆمەڵگای بەچینایەتی کراو) ئەنجام دەرابوو بیست لە سەد بوو.

ئەگەر دەرئەنجامی سەد ساڵ پشکنین لە سەر "جیاوازییەکانی جنسی" کەوا لە پەڕاوێز داندراوە، بێنین لە ڕیزێک لێکۆڵینەوەی دوور و درێژ و تایبەت بە سایکۆلۆژی و زانستەکانی تری کۆمەڵایەتی هەڵسەنگێنین، بەم ئاکامە دەگەین کە ژنان و پیاوان هیچ جیاوازییەکی تایبەتییان نییە. بۆ ئەوەی ئەمە ئەرێنیتر بڵێین ئەمە گرینگترین دەرئەنجامی کە وەک گروپ چاوی لێکراوە؛ *ژن و پیاو لە باری سایکۆلۆژییەوە زۆر وێکەچن.* ئەم وێکچونە سایکۆلوژییانەی نێوان پیاوان و ژنان، بە پشتیوانی ئەو بەڵگانەن کە هەن و، دەکرێ ببێتە بناخەیەکی گەشتی باش لە هەموو لێکۆڵینەوەکانی مرۆڤدا.

بۆیە ئەوە یەکجار زۆر جێی سرنجە ئەو نەتیجانەی کە ئەوەندە لەگەڵ دوڕدۆنگی ڕووبەڕوو دەبنەوە، بدۆزرێنەوە. تەنیا بە هەڵکەوت ئەم وێکچوونە وەک تاقیکردنەوەیەکی زەینی حیسابی بۆدەکرێ. لە دنیای ئاکادێمیدا سەرەڕای تەواوی ئەو

بەڵگانەی کە خودی زانستەکانی ئەوان پێیگەیشتوون و نیشانیانداوە، بەڵام لێکۆڵەرەکان بەرە دوای بەرە بەردەوام بێ ماندووبوون دەگەڕێن تاکوو لە سەر جیاوازییەکانی جنسی بنووسن. بۆ دان پێداهێنانی ئەم وێکچونانە ئەوندە چەتوونە؟

بەشێکی زۆر لەم بۆچوونانە دەگەڕێتەوە سەر پێشینەی کولتوری. سیمبۆلی ژێندەری دووڕەگەزی جنسی لە کولتوری وڵاتانی ڕۆژئاوا زۆر بە هێزە (بروانە بەشی ٤)و، ئەوە شتێکی سەیر نییە کە لێکۆڵینەران (و ئەوانی تر) کاتێک بیر لە جنس و ژێندەر دەکەنەوە، جیاوازییەکان "دەبینن". لە تێگەیشتنی ئاسایی خۆماندا و لە بەرنامەڕێژی ئاسایی لێکۆڵینەوەکانماندا، وێکچونی ژێندەر هیچ حاڵەتێکی ئەرێنی نییە؛ وێکچونی ژێندەر تەنیا کەمایەتییەکە لە سەلماندنی جیاوازی (the zerosumhypothesis).

جاری واهەیە تاقیکردنەوە نەریتییەکانی سایکۆلوژی ئەوندە ڕواڵەتین کە ناتوانن ژێرخانەی نمونەی ژێندەر بدەن. لە وانەیە، ئەو جیاوازیێ واقعییە نەفسییانەی نێوان ژنان و پیاوان خۆی لە ئاستێکی قوڵی کەسایەتییدا حەشاردابێ – بۆ وێنە لە ناهەستیاری ("ناخی پیاوانە" و "ناخی ژنانە"...)دا. ئایا ئەگەر ئەم جیاوازییە (قوڵانە) لە ژیانی ڕۆژانەدا خۆ نیشانەدا و، بەردەوام لە ڕەفتارێکی درێژخایەندا خۆی نیشانەدا – ئەمە ئەو تێگەیشتنتیە کە پشکنینەکان نیشانی دەدەن – مرۆڤ دەتوانێ پرسیار بکا بەڕاستی ئەم جیاوازییە قوڵانە چەندە گرینگن؟ (بە ڕای من ئەوانە تەنیا ئەفسانەن. میکانیزمە ناهەستییارەکان بۆ تێگەیشتن لە ژیانی پڕخرۆش مرۆڤ گرینگە، بەڵام ئەوان هیچ نمونەیەکی دژایەتی ڕەچاو ناکەن).

هەقیقەتێکی تر ئەوەیە کە، دەئەنجامی "نەبوونی جیاوازی" سەد لە سەد نییە. هەروەها بە گوێرەی زۆربەی زانیارییەکان"ماکوبی" و "ژاکلین" چەند وردە تایبەتمندیان دیتوتەوە کە جیاوازییەکانی جنسی بەڕاستی لە وێدا وجودیان هەبووە؛ توانایی قسەکردن، ناسین و بۆچوون لە ئاست واقعییەت(visual-spatial perception) ، توانایی بیرکاری و توڕە و تۆسنی

لەوانەیە ئەو هەموو وەڵامانەی "نەبوونی جیاوازی" لە سۆنگەی ڕەنگدانەوەی لاوازبوونی مێتۆدی لێکۆڵینەوە تاک بە تاک بێ. ئەگەر مێتۆدەکان لە ڕێگای تێکخستنەوەی ئاکامی چەندین لێکۆڵینەوە باشترکرابان لەوانەیە وێنەکە گۆڕدرابا. لە دەیەی ١٩٨٠دا، مێتۆدێکی تازە ستاتیستیک ناسراو بە "metaanalys" هاتە نێو پشکنینەکانی جیاوازی جنسی، کەسانێک ئەم مێتۆدەیان بۆ ئەم هەرێمە بە "شۆڕش" ناوبرد. شێوەی کارەکە بەم شێوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەی جیاواز سەبارەت بە هەمان بابەت دەبیننەوە؛ بۆ وێنە پشکنینێکی زۆر کە تێیدا هەوڵدراوە جیاوازییەکانی جنسی لە ئاست توڕە و تۆسنی، هۆش یان باوەر بەخۆبوون، ئەندازەی بگیرێ. لە مێتائانالیزدا هەر پشکنینە (بە جیگەی بۆ هەر تاکەکەس) وەک کۆیەک چاوی لێدەکرێ و، ئەرکی ئەوەیە ئانالیزێکی

ستاتیستیکی چەندین پشکنین وەک گروپ بخرێتە ڕوو. ئاشکرایە بەر لە ئەنجامدانی ئەم کارە دەبێ دەرئەنجامی پشکنینەکان بخرێتە سەر پێوەرێکی هاوبەش. ئەگەر تەواوی پشکنینەکان دروست هەمان مێتودی ئەندازەگرتنیان بەکار نەهێنابێ (ئەوە لە کرداردا دگمەنە)، ئاساییە گرفت سازدەبێ. ئەم ڕێگا چارە ئەقلانەیە لاگیری پێوەرێکی هاوبەشی پێکهاتووە، لەسەر بنەمای دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکانی تاکەکەسی لە نێوان ژنان و پیاواندا.

دوای ئەوەی کە پشکنینەکانی پرسی جیاوازییەکانی جنسی بەرێوەچوو و، میتائاناليزەكان لە تەنیشت یەکتر داندران، لە ئاست قەوارە و گشتیبوونی جیاوازییەکانی جنسی دڕدۆنگی تازە دەستپێکرد.

میتائانالیز ڕاستەوخۆ شۆڕشێکی پشکنینی لە ڕاست جیاوازییەکانی جنسی پێکنەهێناوە، بەلام یارمەتی تەواوی ئەم بەشە داوە تا ڕوونی بکاتەوە ئەنجامی لێکۆڵینەکان دەڵێن چی. نەتیجەی سەرەکیی لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو، کە "ماکوبی" و "ژاکلین" پێیگەیشتبوون هەروا بە هێزی خۆی ماوەتەوە. کاتێک مرۆڤ ڕیزێکی دوور و درێژ بەهرە و هۆش و، کێش کەسایەتی بە مێتودی سایکۆلۆژی ئەندازە دەگرێ بە دگمەن جیاوازییەکی ژێندەری شەفافی تێدا وەدیدەکا. ئاساییترین ئاکام لەم دوو حاڵەتەدا خۆی دەنوێنێ، جیاوازی بچووک یان، هەرگیز هیچ جیاوازییەک. ئەم ئاکامانە ئەو تێگەیشتنەی کە کەسایەتی دوو جەمسەری وەک بناخە بۆ دەستپێکی ژێندەر دادەنێ، بەتەواوی ڕەتدەکاتەوە. وێکچوونی زۆر، ئاسایی ترین وێنەیە کە لە نێوان ژنان و پیاواندا هەیە. هەروەها میتائانالیز یارمەتی تێڕوانینێکی هەستیارانەتر دەدا، ئەویش ئەوەیە ئەو جیاوازییە جنسیانەی کە زۆر جار وەدیدێن، پێوەندەدا بە دۆخی تایبەت.

توانایییەکانی زۆر تایبەت (بۆ وێنە لە نێو بابەتێکی زانستی سروشتیدا، بەلام نەک لە بابەتێکی تردا)، بارودۆخی کۆمەلایەتی تایبەت (بۆ وێنە هاندان)، کات و شوێنی تایبەت (بۆ وێنە کالێجی ئەمریکی لە دەیەی ١٩٩٠) و، مێتۆدی تایبەت بۆ پێوانی کێشی کەسایەتی – ئەوانە تەواوی کاریگەری دەخەنە سەر ئەوەی کە لە چ ڕەهەندێکدا جیاوازییەکانی جنسی لە لێکۆڵینەوەکەدا خۆدەنوێنێ.

ئێمە دەستپێدەکەین وێنەیەک لە جیاوازییەکان و – وێکچونەکانی سایکۆلۆژی جنسی بۆ ڕەگەزی خۆمان وەرگرین، کە دەرئەنجامێکە لە وەلامی چالاکییەکانی مرۆڤ لە دنیایەکی کۆمەلایەتی ئالۆز و لە گۆڕاندا، نەک وێنەیەکی هەمیشەیی، کۆن و نەگۆڕ. هەر چۆن بە یارمەتی میتائانالیز، سایکۆلۆژی وردەوردە نزیک بوتەوە کە لە ژێندەر تێبگا، هەر ئاواش وردەوردە لە نێو سوسیۆلۆژیدا پەرەی ساندوە.

ئێمە چەندە دەتوانین بەم پشکنینانەی کە لە ئاست وێکچونەکانی نێوان جنس کراون شتەکەی گشتگیر بکەین؟ زۆر جار ئەوە بەرچاو دەکەوێ کە ئەم سایکۆلۆژی مودێرنە بەرلە هەموو شتێک لە سەر ڕەفتاری خوێندکارانی سپی چینی ناوەندی خولەکانی

سەرەتایی زانکۆی سایکۆلۆژی ئەمریکی ساخ بۆتەوە - نەک درووست لەسەر نوێنەرانی هەڵبژاردراو لە خەڵکانی جیهان. بە پێی تەواوی ئەو تەرتیباتە جۆراوجۆرە مێژوویی و کولتورییە بەرچاوانەی ژێندەر (بڕوانە بەشی ٢و٤)، ئێمە ناتوانین قەبووڵ بکەین، کە ئەو ئولگۆ سایکۆلۆژیانەی دەکرێنە بەڵگە بۆ شوێن و جێگایەک، لە هەموو شوێنێک هەرئاوابێ.

## مادی کردنی کۆمەڵگا

لەبەر ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە وێکچونی نێوان جنس، ئەرکی تێگەیشتنی دووجەمسەری نێوان کەسایەتی ژنان و پیاوانی کێشاوە، ئێمە دەبێ تەواوی مۆدێلەکانی ژێندەر کە وادەزانن جیاوازێ کۆمەڵایەتییەکانی ژێندەر دەبنە هۆی جیاوازییەکانی جەستەیی و دەستپێکێک بۆ جیاوازییەکانی نەفسی ڕەدبکەینەوە. کە وایە بە لەبەر چاوگرتنی ژێندەر، چۆن دەکرێ ئێمە لە پێوەندی نێوان جەستە و کۆمەڵگا بگەین؟

جەستە دەسەڵاتی هەیە و دەستکردی کۆمەڵایەتییە. ئانالیزی بایولۆژی و کۆمەڵایەتی ناتوانن لێکیان جیا بکەنەوە، هەروەک مۆدێلی دوو هەرێمی هەوڵیدا بیکا. هەروەها ناکرێ هیچکام لەوان بکرێتە ئەوی تریان، وەک مۆدێلی ماشێن یان _ قوماشی نیگارکێشان. دەڵێی بەم "جیاوازیانە" وەک چوارچێوە دەرئەنجامەکان ناکۆک دەبن. بۆ ئەوەی کۆتایی بە ناکۆکییەکان بهێندرێ، دەبێ چوارچێوەیەکی تازە هەڵبژێرین.

جەستە هەم کەرەستەیە بۆ ئەرکەکانی کۆمەڵایەتی و، هەم وەڵامدەرە لە ئاست ئەرکەکانی کۆمەڵایەتی. جەستە لە یەک کاتدا هەر دووک بەشە. ئەو ئەرکانەی جەستە تێیدا بەشدارە لە ستروکتوری کۆمەڵایەتی (بڕوانە بەشی٤) و گوزەری ژیاندا شکڵ دەگرێ (بڕوانە بەشی٥) و، ئەویش بەردەوام بە نۆرەی خۆی ئێمکان دەخولقێنێ بۆ ئەرکی نوێ، کە کار دەکاتە سەر جەستە و بە خزمەتی دەردێنێ. بازنەیەک هەیە، خولێک هەیە، کە پرۆسەکانی جەستەیی و ستروکتورەکانی کۆمەڵایەتی یەکدەخا. ژمارەیەکی یەکجار زۆر خولی ئاوا هەیە. ئەم خولانە لە ساتێکی مێژووییدا سازبوون و، لەگەڵ زەمان دەگۆڕدرێن. ئەوان پێوەست بە ئەو پرۆسە مێژوویانە دەبن کە شکڵ بە کۆمەڵگای ئێمە دەدەن و، جەستەکان ڕاکێشی نێو مێژوو دەکرێن.

من ناوم لەم پرۆسەیە ناوە بە مادی کردنی کۆمەڵگا. هەروەها دەکرێ لە ڕوانگەی جەستەوە وەک "ڕەنگدانەوەی کاری جەستە" ببیندرێ، واتا ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی مرۆیی کە لەوێ جەستە هەم وەڵامدەرە و هەم کەرەسەیە.

ژێندەر باسی ستروکتورەکانی جەستە و پرۆسەکانی لە زاوزێی مرۆڤ دەکا. ئەو ستروکتور و پرۆسانە هیچ "بناخەی بایولۆژی"یان نییە، واتا مکانیزمێکی سروشتی کە کاریگەری کۆمەڵایەتی هەبێ. بە پێچەوانە مەیدانێک سازدەکەن، یانی جێگەیەکی فیزیکی کە لەوێ شتێکی کۆمەڵایەتی دەقەومێ. لە نێوان ئەو شتانەی کە دەقەومێ خوڵقاندنی کاتیگۆرییەکانی کولتوری "ژنان" و "پیاوان"

هەیە هەموو کاتیگۆرییە ژێندەرەکانی تر کە کۆمەڵگای جوراجۆر شییان دەکەنەوە). من ناوی ئەوەم داناوە، *مەیدانی بەرهەمهێنەرەوە* لەم ژیانە کۆمەڵایەتییەدا.

زۆر لە پرۆسەکانی ژێندەر هەڵگری پرۆسە و تواناکانی جەستەیین کە جیاوازییەکی جنسیان نییە، بەڵکوو لە نێوان ژنان و پیاواندا هاوبەشن. یەکێک لە هەرە گرینگترینیان، توانایی جەستەیە بۆ کارکردن. تەقریبەن هیچ جیاوازییەکی جنسی بە مانای توانای کارکردن وجودی نییە، بێجگە لەو توانایانەی کە هۆیەکەی لە جیاوازی بارهێنان و ڕاهێنان و، یان تێڕوانین لە دووگیانی وەک نەقوستانێک و، هتد دایە.

هەروەها توانایی پێوەندی گرتن درووست یەکسان لە نێوان ژن و پیاودا دابەشکراوە. ئیندوسترییەکی بچوکتر هەیە کە هەوڵدەدا تەئیدی جیاوازی نێوان "زمانی ژنانە" و "زمانی پیاوانە" بکا. یەکێک لە پڕکڕیارترین کتێبەکانی ئەمریکایی بە ناوی "خۆ تۆ هیچ تێناگەی"، ئەمەی هێنایە سەلماندن کە پیاوان لەوەی کە ژنان دەیڵێن تێناگەن، نووسەرەکەی Debora Tann (1990)لە میدیاکاندا ناوبانگی دەرکرد.

دەروونناس Mary Groulords لە کتێبی خۆی(1995) Talking Difference، ڕەخنەیەکی باش و ڕوونی لەسەر لاوازی ئەو بۆچوونانە کردووە کە کاتێک باس لە (دوو کولتوری) زمان و ژێندەر دەبێتە ئاراوە و، زۆربەی زۆر لە بۆچوونەکانی پێ قسەی پڕوپوچە. ڕاوێژی زمان دۆخییە و، لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدا دەخولقێن. هیچ جیاوازییەکی جێگرتوو لە نێوان ڕاوێژی زمانی ژنان و پیاواندا لە ئارادا نییە.

چەمکی مادی کردنی کۆمەڵگا دەتوانێ تێڕوانینێکی تازەمان لە سەر پێوەندی نێوان جەستە و گۆڕانکاری لە سیستمی ژێندەردا بداتێ. لە سوسیۆبایولۆژی، تیۆری ڕۆڵی جنسی، لیبراڵ فێمینیست و، لە ئایدۆلۆژێ پڕلایەنگرەکانی جیاواز سرووشتییەکاندا وەک هێزێکی پارێزراو لە جیاوازێ جەستەییەکان دەگەن. ئەم هێزە پارێزراوانە ناهێڵن ئاڵوگۆڕی مێژوویی بقەومێ، تەئسیری ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتیەکان سنووردار دەکەن یان پلەیەکی تایبەت بە سەرچاوەی دۆخەکە دەدەن، کە بەداخەوە کۆمەڵگا خۆی لێ دوور خستۆتەوە.

مادی کردنی کۆمەڵگا یەک لە سێ بەشی دەرفەت نیشاندەدا. جەستە وەک نێراو بەشداری لە ئەرکەکان، سازکردن و داهینانی واقیعییەتی ئەم دنیا کۆمەڵایەتییە دەکا. دنیای کۆمەڵایەتی شتێک نییە کە تەنیا دەخولقێنێتەوە، بەڵکوو دەبێ بەردەوام لە ڕێگای کردەوە نۆژەن بکرێتەوە. ژێندەر وەک ستروکتورێک لە پێوەندی لەم پرۆسە مێژوویانەدا دەخولقێندرێ و، هەربۆیە هەرگیز ناتوانێ سەقامگیر بێ یان درووست کۆپی بکرێ. ئەم پرسیارە ستراتێژییە ئەوە نییە "ئایا دەکرێ ژێندەربگۆڕدرێ؟" بەڵکوو ئەوەیە کە "لە چ ئاراستەیەکدا ژێندەر خەریکە بگۆڕدرێ؟" هەر بارودۆخەی ڕێگەی ڕیزێک وەڵامی گونجاو دەدا.

مەیدانی بەرهەمهێنەرەوە، ئەوە نییە کە ئاڵوگۆڕی بە سەر دانایە، ئەوەیە کە دەتوانێ لە ڕێگای پرۆسەکانی کۆمەڵایەتییەوە نوژەن بکرێتەوە. لە ڕاستیدا بە بەردەوامی نوژەن دەبێتەوە؛ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەم ناوچەیەدا بە هەمان چەشن لەئارادایە کە بۆچوونەکانی تری ژێندەر لەئارا دایە.

ئەرکەکانی کۆمەڵایەتی دەتوانن دیسیپلینی ژێندەر ڕاگوێزێنە سەر ئاراستەی جۆربەجۆر و، پێوەندی جۆربەجۆر لە نێوان جەستە و ستروکتورەکانی کۆمەڵگادا بخولقێنن. کۆمەڵگایەک کە بە هۆی ویستی واژی لێکدەترازێ، ناتوانێ خۆێ وەک پێکهاتەیەکی یەکگرتوو "بڕیار" بدا. داهاتووی جۆراوجۆر هەیە کە کۆمەڵگای ئەمڕۆ دەتوانێ بەرەوپیری بچێ، گەر بێتوو هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە پێوەرێکی تا ڕادەیەک گەورەدا وەگەڕ بخرێن. لە بەشی ٨دا باسی ئەمە دەکەم.

## (٤)
## پێوەندییەکانی ژێندەر لە دەیەی١٩٨٠دا

### نمونەی ژێندەر

بەشی ٢، دوو لێکۆڵینەوە لە ڕێکخراوەکان نیشاندا، لێکۆڵینەوەی Barrie Thornes لە خوێندنگەکانی سەرەتایی ئەمریکی و، لێکۆڵینەوەی Dunbar Moodie لە کانزاکانی ئەفریقای باشووری. ئەم ڕێکخراوانە پێرەوێکی ژێندەری جێگرتوویان هەبوو: چ کەسێک دەستنیشاندەکرێ کە چ کارێک بکا (زۆربەی دەرس ویژەکان ژن بوون، تەواوی کرێکارەکانی کانزا پیاو بوون)؛ کام لە گروپە کۆمەڵایەتییەکان لە ژێرچاودێری دابوون (بۆ وێنە، پێکهێنانی لای کوڕان و- لای کچان لە حەوشەی خوێندنگەدا)؛ چۆن پێوەندییە هەستیارەکان بەڕێوەدەچوون (بۆ وێنە "بناوانانی کانزا") و، چۆن ئەم بنکانە لەگەڵ ئەوانیتر هەڵسوکەتییان کردوە (بۆ وێنە بنەماڵەی کرێکارەکان).

نمونەیەکی ئاوا لە ژێندەردا دەکرێ ناوی ئەنیستیتۆی "ڕژیمی ژێندەر"ی لە سەر دابندرێ. لە ڕێگای توژینەوەکان لە ئاستێکی زۆر بەرفراواندا لە سەر ڕێکخراوانێکی وەک؛ خوێندنگە، فەرمانگە، کارخانە، فەرمانگە، پۆلیسخانە، کۆمەڵەکانی وەرزشی توانرا ڕێکخراوەکانی ڕێژیمی ژێندەری نیشانبدرێ. ئەمە ڕوونە ڕژیمی ژێندەر بەشێکی ئاسایی بەرچاوە لە ڕێکخراوەکانی ژیاندا. ئەم توژینەوانە نیشاندەدەن کە ئەنیستیتۆیەکی ڕژیمی ژێندەر دەتوانێ بگۆڕدرێ - تەنانەت ئەگەر گۆڕانەکە زۆرجاران ڕووبەرووی دژاییەتی ببێتەوە.

ڕژیمەکانی ژێندەر لە نێو ئەم ڕێکخراوە تاکییانەدا دەچنە نێو دۆخی نمونەیەکی گەورەتروە، کە بە درێژایی زەمان لە بڵاوبوونەوەدایە. من لە بەشی ١دا ئەم نمونە گەورەترانەم بە دیسیپلینی ژێندەر بۆ کۆمەڵگایەک ناودێر کرد. ڕژیمی ژێندەر لە ئەنیستیتۆیەکدا زۆرجاران لەگەڵ دیسیپلینە گشتییەکانی ژێندەر یەکدەگرێتەوە، بەڵام دەتوانێ ناکۆکیشی هەبێ. کاتێک ئاڵوگۆڕ

دەقەومیٚ دیسیپلینی ژێندەر ڕۆڵێکی گرینگی هەیە. بەشێک ئەنیستیتۆ گورج گوڕانیان بەسەر دادیٚ و، بەشێک وەدوا دەکەون یان بە شێوەیەکی تر خۆنیشاندەن. زۆر جار گۆڕانکاری لە بەشێک لە کۆمەڵگادا دەستپێدەکا بەڵام بۆ ئەوەی خۆ لە بەشەکانی تری کۆمەڵگا بکوتیٚ کات دەخاینیٚ.

کاتێک ئێمە دەبینین کۆمەڵێک لە پێرەوەکانی ژێندەر، بریتی دەبیٚ لە ڕژێمی ژێندەرە لە ئەنیستیتۆیەکدا، یان دیسیپلینی ژێندەرە لە نێو هەموو کۆمەڵگادا، ئێمە لە بەرامبەرماندا کۆمەڵێک پەیوەندیمان هەیە - یانی چۆن مرۆڤ، گروپ و ڕێکخراوان بەیەکەوە بەستراونەتەوە و جیادەبنەوە. پێوەندییەکانی ژێندەر بە دایم لە پێوەندییە ڕاستەوخۆکانی نێوان ژنان و پیاوان پێکنەهاتووە. پێوەندییەکە دەتوانیٚ ناڕاستەوخۆ بیٚ، بۆ وێنە لە ڕێگای بازاڕەوە وەک دەڵاڵ، یان تێکنۆلۆژی وەک تەلەفزیۆن یان ئینتێرنێت. پێوەندییەکانی نێوان پیاوان یان نێوان ژنان لە ڕێگای هیرارشی ماسکولین دەتوانیٚ هەر پێوەندی ژێندەر بیٚ.

پێوەندییەکانی ژێندەر بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەدا دەخولقێندریٚ. ئەگەر ئێمە نەیانخولقێنین، ئەوان بوونیان نییە و نابیٚ. ئەم دەرەنجامە گرینگە یەکەم جار لە لایەن خۆێندنگەیەکی ئێتنۆمێتولۆژییەوە، لە لێکۆڵینەوەیەکی سوسیۆلۆژییانەدا سەبارەت بە ڕەفتاری ڕۆژانە کە ئێمە وەک پێویستییەکی دادەنێن، هاتە مەیدان.

لە تیۆری کۆمەڵایەتیدا مرۆڤ هەوڵیداوە هەم نەبوونی ئازادی و هەم نمونەی پێوەندییەکان لە چەمکی ستروکتوردا وەچەنگ بخا. پێوەندییەکان لە نێوان مرۆڤان (یان نێوان گروپ یان بنکەکان)دا، هیچ گرینگییەکی نەدەبوو ئەگەر هەر بە هەڵکەوت قەومابان. ئەوە، ئەو نمونەی سەقامگرتوویانە یان بەرینانەن بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، کە لە تیۆری کۆمەڵایەتیدا پێیان دەگووتریٚ "ستروکتورەکان". بەم مانایە پێرەوەکانی ژێندەری کۆمەڵگا، سوسیال ستروکتورەکان وەخۆدەگریٚ. ئەگەر بۆ وێنە کارەکانی ئایینی، سیاسی و ڕۆژانە، مافی زاڵبوونی پیاوان بە سەر ژناندا دەستنیشاندەکا، ئەودەم ئێمە باسی پێوەندی ژێندەر لە ستروکتورێکی پیاوسالاریدا دەکەین. ئەگەر پیاوانی خێڵێک لە ڕووی بەرنامەوە لەگەڵ خوشکی یەکتر زەماوەند دەکەن، ئێمە باسی گۆڕینەوە لە ستروکتورێکی بنەماڵەییدا دەکەین.

ستروکتورێک لە پێوەندیەکان بە شێوەیەکی ماکانیکی واتا ناهەستیاران وەها ناکا کە مرۆڤ یان گروپ بەرەو شێوە هەڵسوکەوتی تایبەت بەریٚ. بەم مانایە کە ئەرکەکان لەم سوسیال ستروکتورانەوە ڕا فۆرمیان پێدەدریٚ. ئەمە بەم مانایە نییە کە ستروکتورەکان دەبنە هۆی ئەرکەکان یان بوونییان پابەند بە ئەرکەکان نییە. پێوەندەکانی ستروکتوری ژێندەر لە دەرەوەی ئەو ئەرک و پێوەندیانەی کە مرۆڤ و گروپان ئاگاداریان لێدەکەن، هیچ بوونێکیان نییە. ستروکتورەکان ناتوانن لە ساتێک تا ساتێکی تر دەوامیان هەبیٚ ئەگەر بە کرداری کۆمەڵایەتی ئاگادارییان لێنەکردریٚ. ژێندەر لە حەقیقەتدا شتێکە ، لەم ژیانە کۆمەڵایەتییەدا ئەنجام دەدریٚ، نەک شتێک کە بەر لەم ژیانە کۆمەڵایەتییە هەبوویٚ.

## چوار لایەنەکانی ژێندەر

کاتێک لە ساڵی١٩٧١ کتێبی Womens Estateی Juliet Mitchell فێمینیستی پێشڕەوی بەریتانیایی هاتەدەر، ئەم بۆچوونەی هێنا ئاراوە کە؛ گوشار لەسەر ژنان تەنیا ستروکتورێک ناگرێتەوە، بەڵکوو چوار ستروکتور دەگرێتەوە: بەرهەم، بەرهەمهێنەرەوە، بە کۆمەڵایەتیکردن و سێکسوالیتە.

لە زۆر لە تاوتۆکردنەکانی ژێندەردا مرۆڤ ئەم جیاکردنەوەیە ناکا. بەڵام کاتێک لە نزیکەوە تەماشای ئەم تیۆرییانە دەکەین، ئەوە شەفافتر دەبێ کە هەر یەک لەمانە تیپێکی تایبەت لە پێوەندی لە پێشەوە دادەنێ.

بۆ ئەوەی پێوەندییەکانی ژێندەر وەک بابەتێکی ئاڵۆز ببیندرێ بەڵگەی بەهێز هەیە کە، چەندین ستروکتوری بە خۆیەوە گرتووە. ئەگەر ئێمە قەبووڵ بکەین کە ئاوایە، ئەی ئێمە چۆن دەتوانین ستروکتورەکانی بابەتی ڕۆژ بهێنینە ناسین و شی بکەینەوە؟

سەرچاوەکانی مۆدێلی "میشێل" بەر لەهەموو شتێک ئەرکی جۆراوجۆری لێک جیاکردەوە- کار، پەروەردەکردنی منداڵ و سێکسوالیتە - بەڵام لەگەڵ خزمەتەکانی کومەڵایەتی وەک "بەرهەمهێنەرەوە" و "بەکۆمەڵایەتیکردن" تێکەڵی کردوون.

شێوەیەکی تری کار ئەوەیە کە دینامیکە جۆربەجۆرەکانی کومەڵایەتی یان پرۆسەکانی ئاڵوگۆڕ بێنە ناسین و، هەوڵبدرێ تێگەیشتن لەسەر ئەوە هەبێ کە ئەم هەست و شێوە بیرکردنەوەیە لە کوێ ڕا هاتووە. ئەمە مێتۆدی کلاسیکی سۆشیالیزم بوو: ئینسان لە ڕێگای ئانالیزی ستروکتوری کاپیتالیزم ڕا ناسنامەی بە دینامیکی خەباتی چینایەتی دا. هەمان شێوەی کاری ئەو تیۆرییانە هەڵدەبژێرێ کە پارتریارکات وەک تەنیا تاکە ستروکتور دەبینێ؛ مرۆڤ فێمینزمی وەک سەرچاوەی دینامیکی سیاسی دادەنێ و، باس لە دەسەڵات و گوشاری ئەم سیستمە دەکا کە فیمینیزم بەرەنگاری دەبێتەوە.

ئەو مۆدێلەی من پێشنیاری دەکەم، چوار لایەنی ژێندەر لێک جیادەکاتەوە، بەم شێوەی کە چوار ستروکتوری سەرەکی لە پێوندییەکانی ژێندەر لەم کۆمەڵگا مودێرنەدا شێدەکاتەوە.

### پێوەندییەکانی دەسەڵات

دەسەڵات، وەک لایەنێک لە سیستەمی ژێندەر چەمکێکی سەرەکی بوو لە تێگەیشتنی جوڵانەوەی ژنان سەبارەت بە "پاتریارکات" و، لەم ئانالیزە کۆمەڵاتییەدا: سیمای پیاوان وەک دەسەڵاتداری "چینی جنس"، ئانالیزەکان لە ئاست دەستدرێژی جنسی وەک سەلماندنێکە بۆ دەسەڵاتی پیاوان بەسەر ژناندا و، ڕەخنەکانی دژ بە نیشاندانی سیمای ژنان لە مێدیاکاندا، کە تێیدا ژنان وەک ناچالاک، بێ نرخ و گەمژە وەسف دەکرێن.

جوڵانەوەی ژنان دەسەڵاتی پاتریارکاتی تەنیا بە دەسەڵاتێکی کۆنترۆڵی تاکی پیاوان لەسەر ژنان، نەدەدیت، بەڵکوو ئاوای دەدیت

کە بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن دەوڵەتیشەوە بەڕێوەدەچوو.

دەسەڵات کە لە ڕێگای ئەنیستیتۆکانەوە و لە فۆرمی سەرکوتکردنی گروپێک لە لایەن ئەوی ترەوە بەڕێوەدەچێ، بەشێکی گرینگە لە ستروکتوری ژێندەر. لە لایەن فەیلەسۆف و مێژووناسی فەرانسی میشێل فۆکۆ (١٩٧٧) شێوێکی تر، بۆ دیتنی دەسەڵات هاتە نێو خەڵک. فۆکۆ لەوەی کە درووست خاڵێکی ناوەندی لە کۆمەڵگادا هەبووبێ و، دەسەڵات لەوێڕا سەرچاوەی گرتبێ، دردۆنگ بوو. ئەو دەڵێ؛ لە حەقیقەتدا دەسەڵات بڵاو و خۆمانە و ناڕوون بە کاردەهێندرێ. بەرلە هەموو شتێک دەسەڵات لێرەولەوێ بە دیالۆگ، لە ڕێگای شێوەی قسەکردن، نووسین و خوڵقاندنی خوێندنەوەکانمان، ئەنجامدەدرێ. ئەم دەسەڵاتە ناڕوون و لە گۆڕان نەهاتوویە لە نزیکەوە کار دەکا، نەک لە دوورەوە. ئەمە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جەستەی مرۆڤانی لە فۆرمی "دیسیپلین"دا هەیە، واتا لەسەر ناسنامە، تێگەیشتن و بارودۆخیان لە دنیادا.

هەم دەسەڵاتی ڕێکخراوەیی بە نۆرمکراو و، هەم دەسەڵاتی ناڕوون و کاتی هەیە، هەر دوو تێڕوانین ئەم پرسیارە سەرکییەی واتا دژایەتییان بەڵاوە گرینگە.

باسێکی چروپڕ لەمەڕ پێوەندییەکانی دەسەڵات پێویستی بە شیکردنەوەیەک هەیە کە چۆن دەسەڵات هاندەدرێ و، چۆن دەسەڵات بۆ بەرگری تەیار دەکرێ. زاڵبوونێکی تەواو وکەماڵ زۆرکەم هەیە: تەنانەت تاکە دیکتاتۆرێکی فاشیستیش نەیتوانیوە بە زاڵبوونێکی سەداسەد بگا. دەسەڵاتی بە ستروکتورکراوی ژێندەر بە هێزتر لە دەسەڵاتەکانی تر نییە.

هەروەها دەسەڵاتی ئاخافتن دەتوانێ دژایەتی یان گۆڕانکاری بکا. زەمینەکانی دژایەتی لەگەڵ مێژوو ئاڵوگۆڕی بە سەر دادێ. ئەم دەوڵەتە مۆدێرنە دێموکراتییانەی کە لە ئورووپا و ئەمریکای باکوور لە ماوەی ١٨٠٠-١٩٠٠دا سەرییان هەڵدا، دەرفەتی وەهایان بۆ دەسەڵاتی جەماوەر ڕەخساندووە کە پێشتر وجودی نەبوو. دەوڵەتی تەکرەوی پاشایەتی و، پیاوسالاری بنەماڵەیی لە سەر مەیلی هیچ هاوڵاتییەک ساز نەبووە، وەک ئەو شێوەی کە دەوڵەتە دێموکراتییەکان سازبوون. بۆیە ئینسان دەتوانێ بڵێ ئەوە گەشەکردنی ئەنیستیتۆکانی پیاوسالاری بوو کە زەمینەیان بۆ گەشەپێدانی فێمینیزمی مۆدێرن خوڵقاند.

## پێوەندییەکانی بەرهەم

"ژێرخانی دابەشکردنی کاری جنسی"، یەکەمین ستروکتوری ژێندەرە کە لە لایەن زانستی کۆمەڵایەتییەوە باسی لێکراوە و، زۆربەی تاوتۆیەکانی سەبارەت بە ژێندەر لە زانستی خەڵکناسی و ئابوری ئێستەش کە ئێستێیە لە دەوروبەری دەخولێتەوە. لە زۆر کۆمەڵگا و پێگەدا، هێندێک پیشە لە لایەن پیاوان و هێندێکی تر لە لایەن ژنانەوە بەڕێودەچێ. دابەشکردنێکی کاری بەم شێوە هەم لە زەمان و، هەم لە کولتورێکدا بوویداوە. هەرچەند دابەشکردنی کار بە ژێرخانی ژێندەر

بە ڕواڵەت ئاساییە بەڵام، لە مێژوودا دابەشکردنەکە لە کولتوری جیاواز یان لە کاتی جیاوازدا درووست هەمان شت نییە. ئەرکێک دەتوانێ لە شوێنێک "کاری ژنانە" و لە شوێنێکی تر "کاری پیاوانە" بێ، کشتوکاڵ - کێڵان و چاندن - وێنەیەکی گرینگن.

لە کۆمەڵگای مۆدێرنی وڵاتانی ڕۆژئاوادا، جیاوازی ژێندەر لەمەڕ هەڵبژاردنی پیشە واتا کاردابەشکردن بە ستروکتوری ژێندەر تاکە مەسەلەی بەرچاوی نییە. مەسەلە و کەلێنی گەورەتر لە ئاست "کرێکارانی پیشەیی" - کاری مووچەیی و بەرهەم بۆ بازار - و "کاری نێوماڵ"دا هەیە. تەواو هەرێمی ئابووری بە شێوەیەکی نەریتی وەک دنیایەکی پیاوان (بێ لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە چەند ژن لەوێدا هەیە)و، هەروەها لە نێو هەرێمی ماڵێدا وەک دنیایەکی ژنان(بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چەند پیاو لەوێدا هەیە) دەناسێندرێ.

سوسیۆلۆژی نەروێژی Oystein Holter (1995,1997)، باسی ئەمە دەکا کە ئەم کەلێنە ژێرخانی ئەم ستروکتورەیە بۆ دیسیپلینی ژێندەری وڵاتانی مۆدێرنی ڕۆژئاوا. ئەوە دەبێ بە جیاوازی نێوان سیستەم و دیسیپلینەکانی ژێندەر لە کۆمەڵگای وڵاتانی غەیرە ڕۆژئاوایی و، غەیرە کاپیتالیستدا. "هولتێر" تەنیا مەبەستی ئەوە نییە کە ئەم دوو هەرێمانە جیاوازن. لە ئابووریدا کار شتێکە کە ئینسان لە بەرامبەر مووچەدا ئەنجامیدەدا، هێزی کار دەکرێ بکڕدرێ و بفروشرێ و، بەرهەمی کارەکە بەتەمای قازانج لێکردن لە بازاردا بفرۆشرێ. لە ماڵێدا کار لە ڕووی ئەوینەوە (یان لە ڕووی هەستی ئەرکەوە) ئەنجام دەدرێ، بەرهەمی کارەکە دیارییەکە کە تەمای دیارییەکی بەرامبەری لێدەکرێ. بە گووتەی "هولتێر"، لەم ستروکتورانە ڕاو جیاوازییەکان دەستپێدەکەن؛ وەک ئەزموونەکانی جۆراوجۆرەکانی تایبەتی پیاوان و ژنان - و تێگەیشتنەکانمان سەبارەت بە توانایی جۆراوجۆری سروشتی پیاوان و ژنان.

وەک "هولتێر" تەواو بە درووستی ڕوونی دەکاتەوە؛ بەڵام کاری نێوماڵ و کاری مووچەیی لە پێوەندی لەگەڵ جیاوازی کۆمەڵایەتیدا بەرێوەدەچێ، واتا ئەم پێوەندیانە تەواو مانای جیاوازی کولتورییان هەیە.

خودی دابەشکردنی کار تەنیا بەشێکە لە پرۆسەیەکی گەورەتر. لە ئابوورییەکی مۆدێرندا، هەم کاری ژنان و هەم کاری پیاوان لە پشت تەواوی بەرهەم و خزمەتە گرینگەکانە - و بەم جۆرە ژنان و پیاوان دەچنە نێو پرۆسەی گەشەسەندنی ئابوورییەوە و، پێگەی جیاواز لەم پرۆسەیەدا وەردەگرن. هەروەک لە کاپیتاڵی ١دا ستاتیستیکی دەرامەد نیشانیدا ژنان و، پیاوان دەرامەدی زۆر جیاوازن وەچنگ دەکەوێ.

ئەوەی لێرە دەیبینین پروسەیەکە کە لە گەشەبووندایە و بە ستروکتوری ژێندەر کراوە.(1986) Maria Mies، فێمینیست سوسیالیستی ئاڵمانی شەفافتر باسی ئەم بابەتەی کرد، ئەو دەڵێ؛ ئەم ئابوورییە گلۆباڵە لە پرۆسەیەکی دووقاتدا پەرەی سەندووە؛ بە کۆلۆنیکردن و "بە بناوانیکردن". ژنان پێشتر تەواو لە ئابوری ناکاپیتالیستی ناوچەییدا

بەشداربوون، بەڵام لەم دنیا بە کۆلۆنیکراوەدا بەخێرایی بەرەو "نمونەکانی ژنی ماڵێ" پاڵەوپەستوودران و، وێڕای دابڕانی کۆمەڵایەتی، بوون بە چاولەدەستی پیاوێک کە بژێوی بنەماڵەی بەدەستەوەیە.

**پێوەندییە هەستییەکان**

"زیگموند فرۆید"، بەر لە سەد ساڵ لەمەوبەر مانای ژینی هەستیاری بۆ مرۆڤ لێکداوە (١٩٠٠). فروید تەنیا باسی لە باری نەفسی تاکەکەسی نەکرد، بەڵکوو باسی لە نمونەی پێوەندییەکانی نێو ئەنیستیتۆیەکی گرینگی کۆمەڵایەتی کرد، واتا بنەماڵەی بۆرژوازی. بەمجۆرە ڕێگای بۆ پشکنینی ستروکتورەکانی پەیوەندییە هەستیارەکان، پابەندی یان وەفاداری کردەوە. ئەمە لایەنێکی گرینگە لە ژێندەر، کە زۆر جار بە پێوەندی نێوان دەسەڵات و دابەشکردنی کار بەستراوەتەوە(بۆ وێنە کەسایەتی باب و دایک)، ئەوەش لۆژیکی خۆی ڕەچاو دەکا.

خزمەتە ئێحساساتییەکان لە پێوەندی لەگەڵ مەبەستدا دەتوانێ ئەرێنی یان نەرێنی، دۆستانە یان دوژمنانە بێ. هەروەها وەک فرۆید نیشانیدا خزمەتە هەستییەکان دەتوانن، لە یەک ساتێکدا هەم ئاشقانە و، هەم دوژمنانە بێ، بەم دۆخە دەگووترێ دووفاق بوون کە لە واقعدا ئاساییە، سەرەڕای ئەوەیکە زۆرجاران گرێدانەوەی ئەفسانە و سەرمەشق بە ژێندەر فەرامۆش دەکرێ.

یەکێک لە مەیدانە گرینگەکانی خزمەتە ئێحساساتییەکان، سێکسوالیتەیە. لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەمڕۆدا تەوەری ئەسڵی سێکسوالیتە بە شێوەی ڕێکخراوەیی و، ژێندەرە: لە نێوان دوو کەس لە ژێندەری بەرامبەردا(هێتروسێکسوالیتە) و، لە نێوان دوو کەس لە هەمان ژێندەرەوە (هومۆسێکسوالیتە) پێوەندی هەیە. ئەم جیاکردنەوە ئەوەندە گرینگە کە ئێمە ڕێگەدەدەین دەدەێن ئەم جیاکردنەوەیە بابەتی جۆراوجۆر دەستنیشان بکا(" هومۆسێکسوئێل" و "هێترۆسێکسوئێل"). تاقمێک بایولۆژیست بە دوای "ژێنی هومۆسێکسوئێل"ی دا دەگەڕێن، بۆ ئەوە بتوانن جیاوازییەکە ڕوون بکەنەوە. (بەڵام هیچ کەس نییە بە دوای "ژێنێ هێتروسێکسوئێل"ی دا بگەڕێ).

بەڵام بنکەی دژەکولتوری نیشاندەدا کە زۆر کۆمەڵگا هیچ جیاکردنەوەیەکی ئاوا ئەنجام نادەن. لەوێ پێوەندی جنسی لە نێوان مرۆڤاندا لەگەڵ هەمان ڕەگەز و، لەگەڵ ڕەگەزی موخالف هەیە، بەڵام ئەوان شێوەی ئێمە پەیڕەو ناکەن و، هەروەها تێڕوانینیان وەک ئێمە نییە کە باس لە دوو ڕەگەزی جیاوازی مرۆیی بکەن.

لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەمڕۆ کۆمەڵگا چاوەڕوانە بنەماڵە لە سەر ئەوینێکی ڕۆمانتیکانە بنیادبنرێ، واتا پێوەندێکی بە هێزی تاکەکەسی نێوان دوو کەسان. ئەم ئامانجانە لە لایەن ماسمێدیا و ئەدبیاتی خەڵکپەسەندەوە هاتە مەیدان و، ئەم گرینگە لە لێکۆڵینەوەیە لە نێوان گروپاندا دانی پێداهێنرا.

## چاوەڕوانی دەکرا بە گۆمانەوە تەمشای ئەم گۆڕانە بکرێ.

پێوەندییە هەستیارەکان تەنیا لە نێوان مرۆڤاندا بوونیان نییە. وەک Joane Nage (1998)ئاماژەی پێدەکا، ناسیۆنالیستان بەردەوام بۆ گەیشتن بە یەکێتی نیشتمان کەلک لە سیمبولی ژێندەر وەردەگرن.

## پێوەندییە سیمبوڵییەکان

تەواوی کردارە کۆمەڵایەتییەکان خوێندنەوەی خۆیان لە دنیا هەیە. وەک پۆست ستروکتوڕیالیستەکان ئاماژە بەمە دەکەن، لە "دەرەوە"ی گۆتارەکاندا مرۆڤایەتی هیچ هەبوونی نییە. کۆمەڵگا بەناچاری دنیاییەکە لە مەبەست و ناوەڕۆک. لە هەمان کاتدا دەردەکەوێ جێوشوێنی ئەم پرۆسە کۆمەڵایەتییانە گوتارەکانیان سازکردووە. ئەمە پەیامی سەرەکی زانستی سوسیۆبیولۆژییە. ئەو سیستەمە کولتورییانە مەیلە تایبەتییەکانی کۆمەڵگا وەسەردەخەن و، شێوە گرینگ و تایبەتییەکانی ژیان بەرەوپێشەوە دەبەن، کە تەنانەت ناوەڕۆکی ژێندەریش دەگرێتەوە. هەموو جارێ کە باس لە "ژنێک" یان "پیاوێک" دەکەین، حەواڵەی سیستەمێکی یەکجار گەورەی دەکەێن کە بە درێژایی مێژووی کولتوریمان کۆبۆتەوە؛ خوێندنەوە، هەلومەرج، باوەڕ و گومان و لێکدانەوە و،هتد.

کاتێک یاریدەدەری یانەیەکی تۆپێنی ئەمریکی بە سەر یاریزانە وەژێر کەوتووکان دا دەقیژێنێ و دەڵێ؛ "ژنەتیوانە"، ئەو مەبەستی ئەمە نییە کە وەژێرکەوتووکان هەر ئێستە سگیان پڕ دەبێ. بەناوبانگترین مۆدێل لە ستروکتوری سیمبولی ژێندەر ڕیشەی دەگەڕێتەوە سەر ئانالیزی دەروونناسی فرانسی Jacque Lacan. ئانالیزی"لاکان" لە سەر "فالو" (خوای کۆ ئەندامی زایەندەی یونانی کۆن) سیمبۆلی دەسەڵات، بوو بە سەرەتای لێکدانەوەیەک لە سەر زمان کە لە سیستەمێکی وەک "فالوسێنتر"دا لێوەشاوی سەروەری سابجێکتی دایم پیاوانەیە. شێوەی کاری "لاکان" بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە: بۆ تێکشکانی پەیرەوی ژێندەری پاتریارکال ئەوەندە چەتوونە نابێ هەر داوای ئەوە بکرێ کە تەنیا چەند بیروبۆچوونی تەحەمول نەکراو لە نێوبچێ، بەڵکوو دەبێ داوای ئەوە بکرێ کە سیستەمێکی تەواو لە پێوەندی و بیروڕا لە نێوبچێ. هەرچەند زمان - لە گووتن و نووسیندا - زیاترین شوێنە بۆ ئانالیزکردنی سیمبولی پێوەندییەکانی ژێندەر، بەڵام سیمبۆلەکانی پێوەندی ژێندەر هەر ئەو یەکە نییە. هەروەها سیمبۆلی ژێندەر لە جلوبەرگ، کەلوپەلی خۆ ڕازاندنەوە، هەڵسوکەوت، وێنە و فیلم و، تەنانەت بگرە لە شێوەی کولتوری وەکوو خانووبەرە کە کەمتر تایبەتی و کەسییە، بوونی هەیە.

Elizabeth Wilson (1987)، لێکۆڵینەوەی وردی لە سەر جلوبەرگی مۆدە Adorned in drems کرد، نیشانیدا کە ستایلی جلوبەرگی ژنان و پیاوان تەنیا باس لە سیمبۆلی جیاوازی ژێندەر ناکا، بەڵکوو مەیدانێکی نەبەردیشە بۆ ئەم تێکۆشانە کە ژنان و پیاوان ئێزنی چ شتێکیان هەیە و، نییە. جلوبەرگی ڕێفۆڕمی

سەدەی ١٨ دەرپێی "bloomers" (مۆدە دەرپێیێکی فشوفۆڵ)ە کە بە خەباتی مافی ژنان گرێدەدراوە.

## ژێندەر لە مێژوودا

ئایدالۆژییەکان سەبارەت بە "جیاوازییەکانی سروشتی"، بەشێکی زۆر لە هێزی خویان لەم تێگەیشتنە نەریتییە وەرگرتووە کە ژێندەر هەرگیز گۆڕێنی بە سەردانایە. لە ئانالیزێکی جیدی لۆژیکیدا حەقیقەتەکەی درووست بەپێچەوانەیە؛ هەر شتێک کە ژێندەر بگرێتەوە مێژووییە. مانای "مێژووییە" چییە؟ لە تەواوی گوتارەکانی سەبارەت بە ژیان لە سەر رووی زەوی، مێژووی مروڤایەتی پرۆسەیەکی گۆڕانکاری تازەی تێدایە. جارێک لە جاران لەم نیومیلیۆن ساڵەی دواییدا، دینامیکی کۆمەڵایەتی جێگای ئەندامە گەشەیەکانی گرتەوە، گرینگترین گۆڕانکاری مکانیزمی لە دنیای بایولۆژی ئێمە روویدا. کاتێک توانایی کۆتوانای مرۆڤ توانی لە رێگای پێوەندییەکانی کۆمەڵایەت بجولێن دینامیکێکی رادیکاڵی جیاواز هاتە ئاراوە. بەڵام گرینگترین ئافەراندنی مرۆیی هەر ئافەراندنی ئینسانی ترە. ئێمە تەنیا پێوەندیێ کۆمەڵایەتییەکان ناخولقێنین، ئێمە فێری جیلی نوێ دەکەین لە نێو ئەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییاندا هەڵسوڕێن و، پەرەی پێبدەن کە بمێنێتەوە. کاریگەری ئەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییانە کۆ دەبنەوە و، توانایی جەستەی تاکەکەسی لە پێوەرێکی یەکجار گەورەدا چەند بەرابەر دەکەن، کە ئێمە لە دەورووبەری خۆماندا دەیبینین.

ئەم ئاسۆیە کە لە وەختی خۆیدا مێژوو لە وێرا دەستپێکردوە، هەمان ئاسۆیە کە ژێندەر لەوێوە ئاشکرا دەبێ. لە تێڕوانینێکی بەرێندا ژێندەر نوێنەرایەتی گۆڕینی فۆرمی سێستەمی زاوزێی جنسی لە رێگای کرداری کۆمەڵایەتییەوە دەکا. کۆ توانایەکانی کە لە رێگای پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتییەوە رێکدەخرێن، تەواو بەرەو دەرفەتی تازەی دەبا.

لە بان ئەم ئاسۆیە مێژووی ژێندەر هەیە: ئەم ئەزموونە پرۆسەییە ئەو دیسیپلینانەی ژێندەریان خوڵقاندوە، کە ئێمە تێیدا دەژین. مێژووی ژێندەر، مێژووی ئەرکەکان و کاریگەرییان، گوڕانی فۆرمی ئەرکەکانی تێدایە لە سەر جەستەدا، ئەمە بەرهەم و گۆڕانی فۆرمی کاتیگۆری ژێندەریش دەگرێتەوە. ئێمە دەزانین ئەمانە نەگۆڕ نین؛ چۆن کاتیگۆری نوێ ("هاوجنسبازی"، "بناوانی ماڵ") هەڵدەقوولێن، ئاواش ئەوانی تر وندەبن. مێژووی ژێندەر، بنکەی ئینیستیتۆکانی رژیمی ژێندەر و دیسیپلینی ژێندەری کۆمەڵگاکانی بەخۆوەگرتووە.

لە ئەساسدا ئەمانە مێژووی جیهانن. بیری سەبارەت بە پاتریارکاتی سەرەتایی، بۆ یەکەم جار لە سەدەی ١٨دا لە تاوتوێیەکانی سەبارەت بە "بنچینەی ئێمە" دۆزرایەوە و باسی لێکرا. گەڕان بە دوای بنچینەیەکدا لە دەیەی ١٩٧٠دا دیسان سەریهەڵدا، ئەو سەردەمە کە جوڵانەوەی ژنان تاوتوێیەکانی سەبارەت بە پاتریارکاتی هێنایە گۆڕێ. گەڕان بێ ئاکامە. وەک ئەم فێمینیستە فرانسییە Christine Delphy(1984)، لە ڕەخنەیەکی

سەرکەوتووانەی زانستی نیشانیدا، گوتارەکانی بنچینەی ئێمە هیچ پێوەندییەکی بە مێژووەوە نییە، بەڵکوو ڕێگایەکە بە ئەفسانە بنووسرێن. ئەوان ئەفسانان دەخولقێنن، میکانیسزێک کە لە چاوتروکانێکدا "دۆزراوەتەوە"، تێدا بەرێوەچوونی کۆمەڵایەتی شیدەکرێتەوە(و زۆر جاران داکۆکی لێدەکرێ).

مێژووییەکی واقیعی ژێندەر وێرای بەرەو پێشچوونی زەمەن لە زانیاری سەرچاوە دەگرێ، نەک لەسەر بناخەی ڕووداوێک، واتا باس لەسەر پرۆسەیەکی کومەڵایەتی لە ئارادایە. ناسین و زانیاری سەبارەت بە قوڵایی سروشتی مێژویی ستروکتوری ژێندەر، تێگەیشتنێکی گرینگ و لۆژیکی سیاسی تێدایە. ئەگەر ستروکتورێک بتوانێ دەستپێکێکی هەبێ، دەتوانێ تەواوبوونێکیشی هەبێ. مێژووی ژێندەر دەتوانێ کۆتایی پێبێ.

پێوەندییەکانی ژێندەر دەتوانێ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە چەندین شێوە مانای خۆی لە دەست بدا. ئەمانە دەتوانن بە شل کردنێک لاواز بکرێن، ئاوا کە نمونەی ژێندەر لە ناوچەیەک تەواودەبێ لە ناوچەیەکی تر بەهێز بێ. پێوەندییەکانی ژێندەر دەتوانێ بۆ میکانیزمێکی تری مێژووی چۆک دابدا.

Aleksandra Kollontaj ی مارکسیست بە دڵنیاییەوە چاوەڕوان بوو کە بە پرولتاریا کردن و، بە شورشی سوسیالیستی توندوتیژی لە سەر ژنان لابچێ.

## پرۆسەی گۆڕانکاری

لە زۆربەی زۆری تاوتوێیەکان لە ئاست هۆی گۆڕانکاری پەیڕەوی ژێندەر، تیشک خراوەتە سەر کاریگەری هێزە ڕواڵەتییەکان لە دیسیپلینی ژێندەردا: گۆڕانی تیکنیک، ژیانی شاری گەورە، ویستی کاپیتالیزم، پێوەندی ماسمێدیا، بەسێکولارکردن، بە مودێرن کردن یان زاڵبوونی وڵاتانی ڕۆژئاوا.

ڕاستە ئەم هێزە کۆمەڵایەتییانە دەتوانن ببنە هۆی گۆڕانکاری پێوەندییەکانی ژێندەر و بەشێک لەم فاکتەرانەی "دەرەوە" لە هەوەڵەوە بە ژێندەر ستروکتور کراون (وەک بۆ وێنە سیستەمی کاپیتالیستی). بەڵام پێوەندییەکانی ژێندەریش مەیلی دەروونیان بۆ گۆڕانکاری هەیە. تیۆری پۆست ستوکتور بەم مەبەستە ئاماژە بە توانایەکانی گۆڕانکاری دەرونی دەکا کە لەرزۆکی ناوەڕۆکی کاتیگۆرییەکانی ژێندەر نیشانبدا. بۆ وێنە لە کتێبە بەناوبانگەکەی Judith Butler ”Gender Trouble”(1990)دا، کاتیگۆری "ژنان" بابەتێکی ناڕوون و قسەهەڵگرە. ناسنامەی ژێندەر ئاخاوتن سازدەکا، بەڵام ماناکان لە ئاحاوتنێکدا قورس و قایم نین و، لە ڕاستیدا لە سروشتی خۆیاندا لەرزۆکن و ناتوانن لە فۆرمێکدا جێگیربن.

هەورەها هیچ گرێدانێکی قورس و قایم لە نێوان ئاخاوتنی ناسنامە و ئەو جەستانەی کە ئەم ناسنامانە مەبەستییانە نییە. ئەم بڕیارانە بە هاسانی بە جووڵەیەک مانا و چێژیان دەگۆڕدرێ. جار هەیە ئاوا تەسەور دەکری کە ڕووداوەکانی گشت ژیانی "postmodern" نیشانەیەکی حاشا هەڵنەگری ناسنامەی ژێندەر

بێ و، دەکرێ گەمەی پێبکرێ، ماسکی لێبدرێ، وەلا بندرێ، لە پاکەت دەرهێندرێ و تێکبخرێتەوە. چەندین گرفتی تر هەیە کە دەگەڕێتەوە سەر لەرزۆکی بناخەی ئەم تێڕوانینە. ئەگەر کاتیگۆری ژێندەر ئاوا بۆ تاقیکردنەوەی ئەزمون ئاوالا بێ وا چەتوونە خۆی لەم هەقیقەتە دەرباز بکا، کە ناسنامەی ژێندەر و، پێوەندی ژێندەر لە هێندێک دۆخی مێژووییدا بە کاوەخۆ گۆڕانکاری بەسەر دادێ و، لە هێندێک دۆخی تر گۆڕانکارییەکە دەتەقێتەوە.

ئەم مۆدێلە پۆست کولتوریالیستییە شیاوی کەڵک وەرگرتنە و، بە چەشنێک بەرینە کە جەخت دەخاتە سەر ئەوەی کە ناسنامە دایم دەستکردی مێژووییە و لە پرینسیپدا ئاوالایە بۆ گۆڕانکاری، بەڵام ئێمە پێویستیمان بە تیۆرییەکی تایبەت هەیە تاکوو بزانین چۆن ئەم گۆڕانکارییە دەقەومێ. گرینگ ئەوەیە بزانین کە ستروکتوران گەشە بە مایەی ئاڵۆزی دەدەن، واتا ناسازگاری دەروونی ئەم نموونە زاڵانە بنکۆڵدەکەن و، ئاڵوگۆڕی لە خودی ستروکتوردا سازدەکەن.

بەشی زۆری ئەم بۆچوونەی ئاست گۆڕانکاری لە تیۆری ڕەخنەگری ئاڵمانی (Jurgen Habermas (1976ڕا هاتووە- ئەو یارمەتیمان دەدا لە نێوان ئەو سەردەمانەی کە داواکارییەکان بۆ گۆڕانکاری بە توندی کونترۆڵ کراون، یان وردەوردە خەرێکن سازبکرێن یان ئەو سەردەمانەی کە مایەی قەیرانەکان لە ئاڵۆزییەکی کوتوپڕدا ئاشکرادەبن و، گۆڕانکاری دەست بەجێ ڕوودەدا جیاوازی دابنێین. هەروەها یارمەتیمان دەدا ئەو حەز و مەیلانەی کە دەکرێ بە دژ یان بە قازانجی گۆڕانکارییەکان ببزۆن. لە ڕێگای لێکۆڵینەوە ڕا بزانین کام تاقم لەم ستروکتورەدایە و لە ژێر گوشارە و چۆن کەوتۆتە نێو ئەم ستروکتورە. دەکرێ مایەکانی ئاڵۆزی نێو چوار ستروکتورەکانی تری پێوەند بە ژێندەر کە لە بەشی پێشتر باسمانکرد بناسرێن.

لەم سەردەمانەی دواییدا پێوەندییەکانی دەسەلات گۆڕانکارییەکی بەرچاویان تێدا کراوە. جولانەوەیەکی جیهانی بۆ مافی یەکسانی ژنان دەستپێکراوە کە پیاوانی بۆ کونترۆڵ کردنی ئەو بنکانەی لە دەسەلاتی پیاوانە دایە وەخۆخستووە؛ واتا هەرێمی تەنگاوتەنگ وەک سێکسوالیتە و بنەماڵە.

کاتێک باسی هاوڵاتیبوون و بازاڕ دێتە ئاراوە لە لایەکەوە باسی دوو بەرەکییەکی ئەساسی لە نێوان بێ نرخی ژنان لە بنەماڵەی پارترپارکاتی و شوێنی کار دەکرێ و، لە لایەکی تر باسی هەبوونی دووبەرەکی بیر و باوەڕ سەبارەت بە یەکسانی لە نێوان ژن و پیاوی دەکرێ. لە ماوەی ئەو دوو سەد ساڵەی دواییدا ئەم دووبەرەکییە وێڕای دەوڵەتی دێموکراسی گەشەی کردووە و، بە پێوەندییەکانی بازار و بە دەسەلاتی ئابووری گەیشتووە.

ژنان لەم ستروکتورەی بازاری پاترپارکیداا گەورەترین گروپن کە دۆخێکی ژێردەستیان هەیە و، بۆیە مەیلیان لە گۆڕانکاری ستروکتوری هەیە. جولانەوەی

فێمینیستی ژنان کە ژنان تەیاردەکا بۆ لەناوبردنی نایەکسانی، توانای و کەڵکی لەم دووبەرکییانە وەرگرتووە، بۆ وێنە خەبات دژ بە لێدانی ژنان. لەم خەباتەدا ژنان بۆ بوونی ئاسایش، ئازادی و دوور بوون لە ئازار پشت بە مافەکانی مرۆیی دەبستن و، خودی دەوڵەتە پاتریارکەکانیش تاکوو ئەو ئاستەی ئەم مافانە لە لایەن مێردی بەمارەیی و مێردی بێ مارەیی پێشێل دەکرێ کەڵکی لێوەردەگرن.

هەروەها پێوەندییەکانی بەرهەمیش گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەردا هاتووە. لە نێوەی ئاخری سەدەی ١٩ ڕا هێزی کاری ژنان لە تەواوی بازاری ئابوری جیهاندا هێنرایە کەڵک وەرگرتن. لە وڵاتانی پێشەسازی نیشاندراوە کە ژنانی بە مێرد لە ڕێژەیەکی بەرزتردا بۆ پارە وەدەستهێنان دەستیان بە کارکردوە، بەر لە هەموو شتێک لە بەشەکانی خزمەتگوزاریدا. ئەمە لە وڵاتانی گەشەسەندوودا بە شێوەی کۆچی بە کۆمەڵ بەرەوە شارەکان و، دەستپێکردنی بازاری کشتوکاڵی خۆی نیشاندا. دابەشکردنی کاری بە ژێندەر مۆرکراو و، جیاوازی دەرامەدی نێوان ژنان و پیاوان وەک گروپ، بە گشتی مەرج و دەرفەتی باشتری پێشکەوتن بۆ پیاوان ڕەخساندووە و سەرچاوەکەی لە میراتی پاتریارکاییەوە ڕا دێ.

هەروەها لەم ساڵانەی دواییدا لە وڵاتانی پیشەسازی، پێوەندییە هەستییەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەر داهاتووە. هەرچەند ئێستەش ژنانی لێزبییەن و پیاوانی هوموسێکسوئێل تووشی توندوتیژی و ئازار دەبن، بەڵام دیسان ژیانی جنسی هوموسێکسوئێلی تا ڕادەیەک لە تەرتیباتی هێتروسێکسوئێلیدا بووە بە ئالتێرناتیڤێکی ڕەوا.

ئەمە بەشێکە لە ڕێگا چارەی ناکۆکێکی دورودرێژ. لەوانەیە لێرەدا چەتوون بێ چەند لە مایە ئاڵۆزەکان بناسێندرێ بەڵام ئەوەی ئەم دەرفەتەی پێکهێناوە تا ناسنامە لەرزۆکەکانی پاتریارکای شیبکاتەوە، ڕەوا بوونی قەیرانی پاتریارکاڵی نیشاندەدا. پارترپارکاڵی لە کۆنەوە وەک سیستەمی باوەڕ، لە بنەهاتوو، دابەش نەبوو و، لەگۆڕاننەهاتوو چاوی لە ژێندەر کردووە – بەم شێوە کە یان خوڵقاوی خودایە و، یان بابەتێکی ژێنێتیکییە و، – هەتاهەتایە "شوێنی ژنانە" مسۆگەرە. لە ماوەی ئەو ١٥٠ ساڵەی دواییدا جوڵانەوەکانی کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیری لە لاوە کەلێنی لەم بڕیارنامانە خستووە: لە مافی دەنگدانی ژنان و ئانالیزی سایکۆلۆژی ڕا بگرە تا دەگاتە جووڵانەوەکانی هومۆسێکسوئێلی و پۆست ستروکتورالیزم.

لەم بەشەدا شۆڕشی کولتوری جێگایەکی زۆری لە وڵاتانی پیشەسازی (و زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتوو) داگیرکردووە. سەد ساڵ لەمەوبەر ئەوانەی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوانیان دەویست یان داوای مافی هومۆسێکسوئێلانیان دەکرد، دەبوایە بەرگری لە بۆچوونی خۆیان بکەن لە بەرامبەر ئەو تێگەیشتنە گشتییەدا کە بۆچوونەکەیان بە

پێچەوانەی سروشت دادەندرا. ئێمڕۆ ئەوانەی دژ بە یەکسانی یان مافی یەکسانین دەبێ بەم تێگەیشتنە گشتییە بگەن، کە یەکسانی شتێکی ڕەوایە و گۆڕانکاری ئیمکانی هەیە. ڕۆڵ دەگۆڕدرێ. مایەی ئاڵۆزی دەتوانێ هەروەها لە ژیانی کەسێتی و، پێوندێ تەریبدا لە پێوەرێکی بچووکدا خۆنیشانبدا. مایەی ئاڵۆزی بە شێوەی خوازیار و دژ، کاتێک خۆی دەنوێنێ کە ئەرکەکانی کەسێتی لە دەورەی بەرپرسایەتی سازبن.

جووڵانەوەی ژنان لە ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا، تەنیا لە ئاست پەدیدەکانی فەرمی نەبوو؛ ئەوان لە ناکۆکییەکانی ژیانی کەسێتی ژنان بە تایبەت لە پێوندیی لەگەڵ پیاواندا مایەیان وەردەگرت.

مایەکانی ئاڵۆزی دەتوانێ هەروەها کاریگەری لەسەر ئەزموونەکانی فیزیکی هەبێ. وەک Lynne Segal لە Stright Sex (1994)دا دەنووسێ؛ زۆر گرفتەکان لە پێوەندییەکانی هێتروسێکسوئێلی بە فێمێنیسم گرێدەدرێتە. مایەکانی ئاڵۆزی لە هەرێمی ژێندەردا هەم لە پێوەری گەورە و هەم لە هی چکۆڵەدا وەدیدێ. هەر چوار ستروکتور مایەی ئاڵۆزی تێدایە، بەڵام مایەکان هەمان نین و، پێویست ناکا دایم بە هەمان توانا پەرەبستێنن یان بگەن. بۆیە لەم پروسە گۆڕانکارییە مێژووییەدا ئاڵۆزی و نارێکی هەیە. ئەوە شتێکی سەیر نییە کە دیسیپلینی ژێندەر لە یەک چەشنی دوورن یان سیاسەتی ژێندەر ئاڵۆز و لەرزۆکە.

**سەرچاوەکان:**

R.w. Connel: om genus
Orginalets: Gender
2002. R.W.Connel
First published in 2002 by Polity press in association with Blackwell Publishing Ltd
2003. bokförlaget Daidalos AB
Översättning: charlotte Hjukström
Omslag: Carina Fihn
ISBN: 91 7173 1865
Bokförlaget Daidalos AB, box 12304, 40243 Göteborg, tel. 031-422045
www.daidalos.se